



# یەکبوون

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

خەزەڵوەری ٢٧١٠ ژمارە : ٧ October : 2010




**خەڵکی هەولێر ئەوەندەی شانازی بە قەڵاوە دەکەن،نیوەی ئەوەندە بەسەرجەلەی خانەوادە و نازناویان شانازی ناکەن، ئاوای لێهاتوو ناوی رۆڵەکانیان بە (هەولێر) ناو دەبەن...**

بۆ لاپەری ٦

## لەم ژمارەیە دا :


* پارتە سیاسیەکان و گرفتی ستراتیژی نەتەوەیی کورد. بۆلاپەری ٢
* یادیک لە شاعیر ناوداری کورد جگەرخوێن ... بۆ لاپەری ٩
* یادیک لە پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ ... بۆلاپەری ١٠
* کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان... بۆ لاپەری ١١
* چیرۆک بۆ منداڵان ... بۆ لاپەری ١٤
* تەندروستی ... بۆ لاپەری ١٥
* وتەی زانایان ... بۆ لاپەری ١٦
* پەندی پیشینیان ... بۆ لاپەری ١٧
* کرۆنۆلۆگی کوردستان... بۆلاپەری ١٨


سەرچاوە Serchawe

# پارتە سیاسیەکان و گرفتی ستراتیژی نەتەوەیی کورد

نووسینی: ئەحمەد عەزیزی

ئامانجی گشتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد گەیشتن بە دەسەلاتی سیاسییە. گرفتێکی سەرەکی کە ئەم بزوتنەوەیە هەیەتی نەبوونی تاریفێکی روون سەبارەت بە فورم و چونیەتی گەیشتن بەم دەسەڵاتەیە .

ئەم ناروونیە لە ستراتیژی سیاسی و نەتەوەیی لە نێو بزوتنەوەکەدا، هەم لە نێو بەرنامەی سیاسی پارتە سیاسیەکان، هەم لە چوارچێوەی هەر کام لە بەشەکانی کوردستان و هەم لە ئاستی گشتی نەتەوەیی کورد دا بە ئاشکرا دەبیندرێ. لە پرۆگرامی هیزە سیاسیەکاندا باس لە ئامانجی ستراتیژی کراوە بەلام هیچ یەک لەو پرۆگرامانە بە شێوەیەکی شەفاف دەلالەت لەو رەوتە لە ناسیونالیسمی کورد ناکا کە ئەم نەتەوەیە بۆ گەیشتن بە دەسەلاتێکی نەتەوەیی دەیخوازێ. لە هیچ یەک لە بەشەکانی کوردستانیشدا پلاتفورمێکی یەکگرتووی نەتەوەیی ئەوتۆ نییە کە پارتەسیاسیەکان و لایەنەکانی دیکەی بەشدار لە بزوتنەوەکە لەو بەشەدا لە خۆ بگرێ. کە باس لە پرۆژەی ناسیونالیستی لە ئاستی نەتەوەیی بۆ هەموو کوردیش دەکرێ، گرفتەکە هێندەی دیکە بەرچاوە. بە چاوخشاندنێک بە رەوتی سیاسی لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا ئەم راستیەمان باشتر بۆ دەردەکەوەێ .

ئەزموونی باشوری کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا وێنایەک لەم راستیەی کە سیاسەتی کورد خاوەنی ستراتیژیەکی روون و یەکگرتووی نەتەوەیی نییە دەخاتە بەرچاو. نەبوونی گوتارێکی روونی نەتەوەیی و پلاتفورمێکی یەکگرتووی سیاسی لە نێوان هێزە سیاسیەکانی باشوری کوردستان لە ساڵانی رابردودا بووە هۆکاری ئەوە کە زۆر ئیمکان و دەرفەتی لەبار بۆ کورد، بە تایبەت لە سەروبەندی لابردنی رژیمی سەدام دا، لە دەست بچێ. کورد لەو سالانەدا بە هۆی کێشەی نێوان پارتەکان و نا هاودەنگی سیاسی تووشی شەری نیوخۆیی بوو کە بەمەش خەسارەتێکی زۆر لە پارسەنگی کورد لە کێشەی دەسەڵات دا کەوت. لە پاش شەری نێوخۆییش ئەوە زۆرتر روداوەکان و هەڵویستی رۆژانە بوون کە رەوتی سیاسەتی کورد لە باشووریان دیاریکردوە نەک پرۆگرام لە سەر بنەمای خواستی هاوبەشی نەتەوەیی. ئەو سیستمە فیدرالیەش کە بە سەر کورد دا داسەپا هەتا ئێستا زۆر لایەنی لاوازی بۆ کورد دەرکەوتووە. ئەو کێشەیەی ئێستا لە نێوان دەسەڵات لە هەولێر و لە بەغدا لە ئارادایە وێنای نا سەرکەوتوویی ئەو سیستمە فیدرالیە بە نمایش دادەنێ. ئاسەواری نەرێنی نەبوونی ستراتیژیەکی یەگرتووی نەتەوەیی تەنیا لە پێوەندی نێوان هەولێر و بەغد دا نابیندرێ بەلکوو لە پێوەندی نێوان خەلک و دەسەلات لە نێوخۆی کوردستانیش دا کاردانەوەی هەیە. ناهاودەنگی رەوتی سیاسی و ناسیونالیستی، بنیاتنانی سیستمێکی نەتەوەیی ئابوری، رەوتی سەقەتی دیمۆکراتیزەکردن و بایی نەدان بە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لە باشوری کوردستان ریشەی لەوەدایە کە بریاری سیاسی کورد لە دەرەوەی پرۆژەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی و بە بێ موشارەکەتی کۆمەڵانی خەلک هیدایەت دەکرێ. پرۆژەی دەسەڵاتی کورد لە باشوور پرۆژەیەکە کە لە بانەوە لە لایەن بژاردەی پارتە سیاسیەکانی خاوەن دەسەڵاتەوە بریاری لە سەر دەدرێ نەک پرۆژەیەک کە بنەماکەی لە سەر خواست و بەشداری کۆمەلانی خەڵک دامەزرێ .

کە روو لە باکوری کوردستان دەکەین دەبینین بزوتنەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان بە شێوەی حزووری فیزیکی چالاکانە لە مەیدان دایە. روژانە خەڵک دەرژێنە سەرشەقامەکان و لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئانکارا نارەزایەتی خۆیان دەردەبرن. مێدیای کوردیش چالاکانە لە ئارادایە و بزوتنەوەی شاخیش بەردەوامە. بەڵام گوتاری سیاسی سەرەکی ئەم بزوتنەوە چییە و چ ستراتیژیەکی گرتۆتە بەر، حاڵەتێکی ئابستراکی هەیە. ئەو هێزە جەماوەریەی کە رۆژانە بۆ نارەزایی دەەربرین دەکەونە سەر شەقامەکان خاوەن هەستی نەتەوەیین، بەلام خاوەن پرۆژەیەکی کۆنکرێتی سیاسی و نەتەوەیی نیین. خەڵکی کورد دەزانێ کە دەبێ لەدژی دەسەلاتی دژ بە کورد رابێ بەلام بە تەواوی نازانێ چی دەخوازێ. تەنیا دژایەتی دەسەڵات لە ئەنکارا، بەرزکردنەوەی دروشمی کوردایەتی، داوای ئازادی رێبەری بە دیلگیراو و تەنانەت شەری گریلاش دەلالەت لە بوونی ستراتیژی نەتەوەیی ناکەن. بۆ گەلێکی خاوەن ١٥ هەتا ٢٠ میلیون حەشیمەت و خاوەن خواستێکی رەوای نەتەوەیی ئەگەر لە رووی سیاسەتێکی یەکگرتووی نەتەوەیی و




پلاتفورمێکی روونی سیاسی یەوە بەریوە بچێ، دەتوانێ زۆر دەسکەوتی لەوە زیاتر بە دەست بهێنێ کە هەتا ئێستا بە دەستی هێناوە. لەم وڵاتەدا سەرەای زاڵبوونی بیری شۆڤینیستانەی دەوڵەتی حاکم ئیمکانی خۆ پیشاندانی نارەزایەتی و دەنگهەڵبرین هەیە. ئەوەی کە دەسەڵاتی تورک ئامادە نییە هێچ دەسەلاتێکی سیاسی بۆ کورد قایل بێ، هەڵوێستێکی کوتوپڕ و نا ئاسایی نییە، بەڵام ئەوەی کە کورد هەر رۆژەی دروشمێکی هەیە و نەزانێ چی دەوێ نا ئاساییە. بە واتایەکی دیکە دەوڵەتی تورک ستراتیژی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی هەیە بەلام کورد ستراتیژی بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی خۆی نییە. سیاسەتی پارتەسیاسیەکانی کورد لەم بەشەی کوردستان دا نە لە ئاست پرسی نەتەوەیی لە گەڵ بەشەکانی دیکە دا هاودەنگی و دیالۆگی هەیە، نە لە ئاست دەوڵەتی ناوەندی دا خاوەن پرۆژەیەکی یەکگرتووە و نە لە ئاستی نێونەتەوەیدا سیاسەتێکی هوشمەندانە و درێژخایەنی هەیە. ئەم کەمایەسیە چارەنوسی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا خستۆتە بەردەم داهاتویەکی نادیار.

لە پەیوەند لە گەڵ کێشەی کورد لە رۆژئاوای کوردستان لە وڵاتی سوریە دا، دەبینین کە رەوتی مافخوازی نەتەوەیی کورد لە لایەن پارتە سیاسیەکانی ئەم بەشەی کوردستانەوە، لەم سالانەی دواییدا رەوتێکی بەرچاوتری بە خۆوە گرتووە. بەڵام ئەم رەوتە لە چ قۆناخێک دایە و بەرەو کوێ دەروا و چ کارێگەریەکی نەتەوەیی تەعقیب دەکا، کەمتر بۆتە پرسی گشتی کۆمەڵگای سیاسی لەم بەشەی کوردستان دا. لە راستیدا بارودوخی سیاسی کورد لە رۆژئاوای کوردستان کارتێکەری لە رووداوەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، بە تایبەت لە باشوری کوردستانەوە وەردەگرێ. سیاسەتی کورد لە رۆژئاوای کوردستان هەتا ئێستا پرسێکی جیدی بۆ دەسەڵات لەو ولاتەدا دروست نەکردوە .

کە دەگەرێتەوە سەر رۆژهەڵاتی کوردستان رەنگبێ هەر ئەوەندە بەس بێ کە سیمای ئەو قەیرانەی کە لەم دواییانەدا بەرۆکی حیزبە سیاسیەکانی ئەم بەشەی کوردستانی گرتووە بێنینە بەرچاو بو ئەوەی لاوازی بزووتنەوەی کورد و ناهاودەنگی پارتە سیاسیەکان لە سەرکردایەتی ئەم بزوتنەوەیە دا ببینین. ریشەی قەیران لە نێو ئەم حیزبانە لە پلەی یەکەم دا دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی گوتاری سیاسی _نەتەوەیی و ساختاری نەگونجاو لە گەل دۆزی سیاسی سەردەم. هەل و مەرجی سیاسی بۆ کورد گۆراوە، بەلام روانگەی ستراتیژی نەتەوەیی پارتە سیاسیەکانی رۆژهەڵات گۆرانی جیدی بە سەردا نەهاتووە. ئەم حیزبانە تاڕادەیەکی زۆر لە خەڵک دابراون و کارتێکەریان لە سەر رەوتی رووداوەکان لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆر لاواز بووە. ئەم کەمایەسیە وای کردوە کە بۆشایەکی گەورە بکەوێتە نێوان ئەم پارتانە و خەڵک، بە تایبەت جیلی گەنج و چالاکانی سیاسی و مەدەنی خۆرسک لە نیوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان دا. گرفتی سەرەکی لەوەدایە کە ئەم پارتانە وەک نوێنەری خەڵک خۆ پێناسە دەکەن لە کاتێکدا لە خەڵک دابڕاون و کارتێکەریان لە سەر رەوتی روداوە

سیاسیەکان زۆر لاوازە. بزوتنەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان دا، لە نەبوونی یەکگرتوویەکی نەتەوەیی و دیسکورسی سیاسی ئەتۆ کە بتوانێ هیدایەتی هەموو لایەنەکانی چالاکی نێو بزوتنەوەکە لەم بەشەی کوردستان دا بکا، رەنج دەبا. لە باتی ئەوەی ئەم پارتانە هەوڵ بدەن خاوەن گوتاری سیاسی و نەتەوەیی یەکگرتوو بن و لە باسە فکری و سیاسیەکانی نێوخۆی کوردستان و ئێران دا چالاکانە بەشدار بن، خۆیان داوەتە بەر قەزا و قەدەری روداوەکانی داهاتوو لە ناوەندی ئەم وڵاتە و لە ناوچەکەدا. لایەنێکی لاوازی پارتە سیاسیەکان دەگەرێتەوە بۆ ئالۆزی فکری و تێگەیشتن و

سەرچاوە Serchawe

خۆ گونجاندن لە تەک ئەم دۆزە نوێیە دا. بۆ وێنە، بەشێک لەم حیزبانە هەوڵ دەدەن بیری نەتەوەیی لە خۆیان دا بەهێز بکەن لە کاتێک دا بەشێکی دیکە زێدەتر هیوایان بە چارەسەری کێشەی کورد لە تاران هەیە و لافی گەرم بوونی دۆستایەتی لە تەک هێزە سەراسەریەکان و نەتەوەی باندەست دا لێ دەدەن. ئەم پارادوکسە لایەنی لاوازی دیسکورسی سیاسی و نەتەوەیی گشتی کوردە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا. ئەو وەزعە فکریەی بە سەر حیزبە سیاسیەکانی ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا زاڵە ئەگەر بە دەورەی کۆتایی رۆڵی ئەم چەشنە حیزبانە و ئەم شێوە حیزبایەتییە دانەندرێ، دەکرێ بە دەوریەکی قووڵ و تارادەیەک درێژخایەن لە پاسیڤبوونی ئەم حیزبانە بژمێردرێ. پرسیار ئەمەیە کە داخوا ئەم حیزبانە دەتوانن سەرکەوتوانە رێگای تێپەربوون لەم دەورە دا بپێون و وەک حیزبی سەردەم متمانەی بەربڵاوی خەڵکیان لە پشت بێ و کارتێکەریان لە سەر رەوتی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەبێ؟ بەر لە هەر شتێک ئەم حیزبانە پێویستە خۆیان لە سەر ئەوە ساخبکەنەوە کە رەوتی ناسیونالیستی کورد بەرەو کوێ هیدایەت دەکەن. پرسیارلەم حیزبانە ئەوەیە کە ئایا کورد دەبێ خاوەن پرۆژەیەکی نەتەوەیی بێ بۆ دەسەڵات لە کوردستان بە بێ خۆبەستنەوە بە ناوەند؟ یان ئەوەتا ئەوان چارەسەری پرسی نەتەوەیی کورد لە ناوەند و لە پێکهێنانی ناسیونالیسمێکی مەدەنی لە گەڵ نەتەوەکانی دیکە دا، کە نەتەوەی باندەست بانگەشەی بۆ دەکا، دەبینن؟

بەم جۆرە هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا نەبوونی ستراتیژیەکی یەکگرتوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان و بە گشتی نەبوونی پرۆژەی ناسیونالیزمی کورد دێلەمایەکی پێکهێناوە کە نە تەنیا ئێمە بۆ خۆمان وەک کورد لێی تێناگەین، بەلکو پرسێکە کە بۆ دنیای دەرەوە، بە تایبەت دۆستانی کوردیش سەرگێژەی دروست کردووە. کورد وەک مەزنترین نەتەوەی ستەملیکراوی بی دەوڵەت کە خاوەن حەشیمەتێکی ٣٥ - ٤٠ میلیونییە، خاوەن داوایەکی رەوای نەتەوەیی و مرۆڤانەیە، لە ناوچەیەکی جێگای سرنج لە رۆژهەڵاتی نیوەراست و لکاو بە ئوروپاوە دەژی و خەباتێکی زێدەتر لە سەد ساڵی بەرێوە بردوە، کەچی هەتا ئێستاش تاقە یەک بنیاتی یەکگرتووی سیاسی، دیپلۆماسی، رۆشنبیری، ستراتیژیکی لە ئاستی نەتەوەیی نە لە نێوخۆ و نە لە دەرەوەی کوردستان دا نییە. بنیاتێک کە زمانحاڵ و دەلالەت لە خواستی هەموو کورد بکا. بە سەدان هەزار کوردی تاراوگە لە ئوروپا و ئەمریکا هەتا ئێستا نەیانتوانیوە لۆبیەکی کورد لە ئاستی نەتەوەیی دا بۆ خۆیان پێک بهێنن. کاتێک باسی هەرەشە و هێرشی لایەنێکی دەرەکی بۆ سەر کوردستان وەک ئەو هێرشانەی دوایی تورکیە بۆ سەر باشوری کوردستان، دێتە ئاراوە، هیچ سیاسەتیکی یەکگرتوی نەتەوەیی نییە کە دەلالەت لە رۆڵی گشتی کورد بکا. لە کات و ساتێکی وا دا کە پێویستی بە سیاسەت و هەڵوێستێکی یەکگرتوویی نەتەوەیی هەموو کورد هەیە، رۆڵی کورد پاسیڤە. ئەوەی هەتا ئێستا لە سیاسەتی کوردیدا بەهای زۆر کەمی بۆ داندراوە بەکار بردنی توانایەکانی ئەم گەلە چەندین دەمیلیونی یە. ئەم دیاردەیە لە تایبەتمەندیەکان و لایەنی هەرە لاوازی ناسیونالیسم و بزوتنەوەی کورد بە رێبەری حیزبە سیاسیەکانی کوردە! ئەمە لە هەرە هۆکارەکانی تراژدی بێ چارەسەر مانەوەی کێشەی کوردە.

### پرسیار، بۆ وایە؟

لەوەدا گومان نییە کە پارتە سیاسیەکانی کورد ئاکتەری سەرەکی بەرێوەبەری سیاسەتی کورد بوون و ئێستاش هەن. ئەمەش شتێکی نا ئاسایی لە کاری سیاسی دا نییە. گرفت لە بوونی ئەم پارتانەدا نییە، بەلکو گرفت لە چونیەتی رۆڵ و تێگەیشتنی ئەوان لە ستراتیژی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە دەسەلاتی سیاسی خەڵکە. ئەم پارتانە پێکهاتەی دەورانی شەری ساردن. ستراتیژی سیاسی ئەم پارتانە لەم دەورانەدا کارتێکەری لە دیسکورسی سیاسی و ئایدۆلۆژی زاڵی ئەو سەردەمەوە وەرگرتووە. بزوتنەوەی کورد بە هاودەنگی لە گەل بزوتنەوەی سەراسەری و پشتگیری لە لایەنێک لەو بەربەرەکانیە کە لە دنیای دوو جەمسەری و ناوچەیی لە ئارادا بووە، هیدایەت دەکرا. ئایدۆلۆژی و سیاسەتی سەراسەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی لە "دنیای سێهەم" بە شێوەیەکی گشتی لەم دەورەیەدا رووی لە بەهێزکردنی ناسیونالیسمی نەتەوە بندەستەکان بوو. ئەم بزوتنەوە رۆڵی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ نەتەوە بندەستەکان لە وڵاتانی فرەنەتەوە، بە تایبەت بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد لە رۆژهەلاتی نێوەراست دا، نەبوو. چونکە ئامانجی سەرەکی ئەم بزوتنەوە رزگاریخوازیە کە لەلایەن بەرەی سوسیالیزم و لە رێگای نەتەوە دەسەلاتدارەکانەوە هیدایەت دەکرا، لە چوارچێوەی ئالوگۆر لە رژیمەکانی ناوەند لە پێناو گۆرینی حکومەتەکانی ناوەندی لە نێو دەوڵەتە سەربەخۆکان لە پێناو گۆرینی پارسەنگ لە نێوان دوو بلوکی بەرانبەر لە شەری سارد لەم دەوریە دا تێنەدەپەری. پشتیگیری لە بزوتنەوەی کەمایەتیەکان و نەتەوە بنددەستەکان لە ولاتانی فرە ئەتنیکی و فرە نەتەوەدا تا ئەو رادەیە رەوا بوو کە سنوری دەولەت_نەتەوەکانی مەوجوود و سەروەری (Sovereignty)حاکمیەتی ناوەند نەخاتە مەترسییەوە. ئەم بەرتەسکیە رێگای گەشە سەندنی بیری نەتەوەیی نەتەوە بندەستەکان بۆ دابینکردنی دەسەلاتی نەتەوەیی خۆیانی بەر بەست دەکرد. نە ئەو چەشنە دیمۆکراسی یە لیبراڵەی لەم دەوریە لە هێندێک لە ولاتان دا بانگەشەی بۆ دەکرا و نە کۆنسیپتی چەپ بۆ چارەسەری پرسی کەمە نەتەوە و نەتەوەکانی بندەست لە وڵاتانی فرە نەتەوەدا هیچیان هەڵگری گوتاری رێگا چارەی پرسی نەتەوەیی، لانیکەم لە کەیسی کورد دا بە شێوەیەکی ریشەیی نەبوون. ئامانجی گشتی رەوتی ئاڵوگۆری سیاسی لە جیهان، نە لە لایەن بەرەی رۆژئاوا و نە لە لایەن بەرەی سوسیالیزمەوە، چارەسەری نادادپەروەرانەی بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسی و چارەسەری ستەمی نەتەوەیی نەبوو. بەلکو ئامانجی گشتی ئەم رەوتە لەم پرۆسەیەدا داشکانی پارسەنگ لە بالانسی دەسەڵات لە پێوەند لە گەڵ دەسەلاتی ناوەندی لە وڵاتانی لە حاڵی گۆران دا بوو. زۆر لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکانی بێ دەوڵەت، وەک کورد ناچار بوون خەباتی خۆیان لەم بازنەیەدا بەرنە پێش. هەربۆیە دیسکۆرسی سیاسی و ساختاری ریکخراوەیی نێو بزوتنەوەی کورد لە سەر بنەمای لێکدانەوەی رۆشنبیری کورد بۆ خۆی نەبوو، بەلکو خۆ گونجاندن بوو لە گەل بارو دوخی ئەو سەردەمە. دروشمی سەرەکی بۆ کورد لابردنی دیکتاتۆرەکان و کردنەوەی کەشێکی دیموکراسی لە وڵات و ئیدارەیەکی لۆکاڵی بۆ کورد بوو. روانگەی بژاردەی حیزبی و سیاسی کورد دەبوایە پەیرەوی لەو دیسکورسانە بکەن کە لە دەرەوەی کوردستانەوە بە سەر رۆشنبیری سیاسی کورد لەو پرۆسەیەدا دادەسەپان. هەربویە ئەم بژاردە حیزبیە بە تایبەت لە رادەی رێبەری دا نەیدەتوانێ پێگەیەکی سیاسی بۆ خۆی هەبێ و حیزبەکەی وەک پێشرەو پێشکەوتنخواز بناسێنێ و هاوکاتیش خوازیاری چارەسەریەکی ئەوتۆ بێ بۆ پرسی نەتەوەیی کورد کە سنووری گوتاری زاڵی نەتەوەی خاوەن دەسەڵات و سەروەری ئەم دەوڵەت_نەتەوانە تێپەر بکا. بە هەڵکەوت نییە کە لە رابردوودا، تا رادەیەک ئێستاشی لە گەڵ بێ، ووشەی جیابوونە بە ووشەیەکی نیگاتیڤ دەنرخێندرێ. هەر بۆیە ئەم بژاردە حیزبیە نەیدەتوانی پیی خۆی لەو سنورە درێژتر بکا، چونکە ئەگەر ئەو کارەی بکردایە حیزبەکەی هەڵگری پێناسەی پێشرەوبوونی بە نسیب نەدەبوو. پیناسەی بیرۆکەی خۆدموختاریخوازی و تەنانەت فیدراڵیخوازی ئەم سالانەی دواییش، وەک رێگا چارەیەکی نێوخۆیی لە چوارچێوەی سنووری جۆگرافیایی دەولەت_نەتەوەکانی مەوجودا ریشەی دەگەرێتەوە بۆ ئەم تێگەیشتنە فکریە و ئەو کلتورە سیاسیە داسەپاوەی ئەو دەورانە. لە راستیدا گوتاری ئەو سەردەمەی زۆربەی بزوتنەوە نەتەوەیەکانی نەتەوە بندەستەکان بە ناوی بزوتنەوەی دیموکرتیک ناو زەد دەکران هەتا رزگاریخواز. ئەم بزوتنەوانە لە وڵاتانی فرە نەتەوە دا، لە پلە یەکەم دا روویان لە لابردنی سیستمی دیکتاتۆری لە ناوەند بوو نەک رزگاری نەتەوەیی و سەرلە نوێ دیاریکردنەوەی سنوری دەسەڵاتەکان.

ئالوگۆر لە بارودوخی سیاسی، هەم لە ئاستی جیهانی و هەم لە ئاستی ناوچەیی لە چەند دەیەی رابردوو بە دواوە، رێگای بۆ زۆر لە نەتەوەکانی لە حاڵی خەباتی نەتەوەیی، یەک لەوان نەتەوەی کورد ئاوەلە کرد. ئەم دەوریە نۆییە ئەو مەجالەی بۆ کورد رەخساند کە پارتە سیاسیەکانی کورد بە خۆدا بچنەوە و خۆ لە دیسکورسی زاڵی دەورەی رابردوو دەرباز بکەن. ئەو مەجالە بۆ کورد هاتە پیش کە کورد بۆ خۆی خاوەن خۆێندنەوە و گوتاری سیاسی خۆی نیسبەت بە پرسی نەتەوەیی بێ و لە سەر بنەمای بەرژەوەندی خۆی ستراتیژیەکی نوێی سیاسی و نەتەوەیی بۆ خۆی دارێژێتەوە.

ئەو سەنارێویەی هەنووکە لە بزوتنەوەی سیاسی کورد دا دەیبینین دەریدەخا کە کورد کەڵکی لەم دەورە نوێیە بە پێی پێویست وەرنەگرتووە. ئەمەش لە پلەی یەکەم دا دەگەرێتەوە بۆ ئەوە کە پارتە سیاسیەکانی کورد هەر لە نیو ئەو بازنە فکریەدا قەتیس ماون و بەردەوام خۆ بەرهەم دەهێننەوە کە تێیدا سەریان هەڵدا. ئەگەر رۆڵی پارتە سیاسیەکانی کورد لە سەردەمی شەڕی ساردا لە چوار چێوەی بەرەی رزگاریخوازی بۆ لابردنی

سەرچاوە Serchawe

دیکتاتۆری و گەیشتن بە ئوتۆنۆمی لۆکالیدا پێناسە دەکرا ئەمرۆ رۆڵی گرینگی ئەم پارتانە پێناسە کردنەوەی ئەو دەسەڵاتەیە کە ناسیونالیسمی کورد هەوڵی بۆ دەدا. کەچی ئەم پارتانە کە روایەت لە سەرکرایەتی کردنی سیاسەتی کورد دەکەن هەتا ئێستاش ئەم رۆڵەیان نەگێراوە. ئەم پارتانە نە بۆ خۆیان ئەو پێداچونەوە و سەر لە نوێ خۆێندنەوەیان لە گۆتاری سیاسی بە جیگەیاندوە و نە کۆمەڵگای کورد و رێکخراوە نا حیزبی یەکانیش توانای کارتێکەری بەرچاویان لە سەر رەوتی بزوتنەوەکە هەبووە. ئەو ئالوگۆرانەی کە لە پرۆگرام و ساختاری پارتە سیاسیەکان لەم سالانەی دواییدا بەدی هاتوون زۆرتر لایەنی رواڵەتییان هەبووە هەتا لایەنی بنەرەتی و فکری. بژاردەی سیاسی پارتە سیاسیەکانی کورد بۆیان دژوارە خۆ لەو شێوە سیاسەتکردنە دەرباز بکەن کە سەرچاوەی لە بەرژەوەندی پاراستنی دەسەلاتی ناوەند و هیژموونیخوازی نەتەوەی بالا دەستەوە وەرگیراوە .

کە باس لە ناروونی ستراتیژی کورد دەکرێ زۆر لە پارتە سیاسیەکان و تەنانەت هێندێک لە روناکبیرانی سیاسی دەرەوەی حیزبەکانیش ئاماژە بەو ستراتیژە دەکەن کە پارتە سیاسیەکانی کورد بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی فیدراڵی لە پرۆگرامی خۆیان دا گونجاندویانە. لە کاتێکدا هەر ئەم دروشمە بۆ خۆی لە خۆیدا گرفتی بۆ ستراتیژی کورد پێکهێناوە. لە یەکەم نیگا بە چۆنییەتی باو بوونی ئەم فورمە بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە نیو کورد لەم سالانەی دوایی دا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم فورمە بۆ دەسەلات زۆرتر حالەتی چاولیکەری و داسەپاوی بۆ کورد هەیە هەتا لە رووی لێکدانەوە و لە سەر بنەمای بەرژەوەندی کورد بۆ خۆی. بە رێکەوت نییە کە ئاکامی لایەنە نەرینیەکانی ئەم سیستمە لە باسەکانی پارتە سیاسیەکانی کورد دا کەمتر ئاماژەی پێدەکرێ .

ئەزموونی رابردوو دەریدەخا کە لە هیچ کام لەو ولاتانەی کە لە سیستمی سیاسی خۆیان دا لە فورمی فیدراڵی کەڵکیان وەرگرتوە گرفتی فرە نەتەوەیی وەک ولاتانی عێراق و ئێران و تورکیەیان تێدا نەبووە کە ئەم سیستمە توانیبیەتی چارەسەری بکا. ئەم سیستمە نەیتوانیوە تەنانەت ئالترناتیڤێکی گونجاو بێ بۆ چارەسەری بنەرەتی پرسی کەمایەتی نەتەوەیی و ئەتنیکی لەو رادەش دا کە لە بەشێک لە وڵاتانی خاوەن سیستمی فیدراڵی لە ئارادا بووە. هەر لە سیستمی فیدراڵی دایە کە گرفتی جیاوازیی نەتەوەیی و زمانی بۆ نمونە لە کانادا، سوئیس و بلژیک، کە زۆر جار وەک مودێلیکی گونجاو بۆ پرسی کورد سەیر دەکرێن، بە بێ چارەسەری ماوەتەوە. کێشەی کوبێک لە کانادا لە گەل دەوڵەتی ناوەندی یان کێشەی ئەم دوایانەی نێوان فەرانسەیی زمانەکان لەگەڵ هۆلەندی زمانەکان لە وڵاتی بلژیک لە سەر دیاریکردنی دەسەڵات لە برۆکسێل، لە پاش هەڵبژاردنی هاوینی ٢٠٠٧ ەوە، نمونەیەکی ئاشکرایە. ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ کام لەم دوو گروپە نەتەوەیە لە وڵاتی بلژیک دا باکیان لەوە نیە کە ستەمی نەتەوەیی بە سەر یەکتردا داسەپینن، چونکە هەر کامیان دەولەتی سەربەخۆی هاو نەتەوە و هاوزمانی خۆیان لەو دیوی سنوری ولاتەکەیان، واتە فەرانسە و هۆلەند یان لە پشتە. جگە لەمە ولاتی بلژیک پێتەختی یەکیەتی نەتەوە و دەولەتانی ئوروپایە، ولاتیکە کە ئەزموونی دورو درێژی دیمۆکراسی هەیە و دیمۆکراسی تێیدا نهادینە بووە، کەچی سیستمی فیدراڵی هێشتا نەیتوانیوە چارەسەری کێشەی دەسەلات لە نێوان ئەم دوو گروپە نەتەوەییە لەم وڵاتە دا بکا. نمونەی بالکان لە ئوروپا هەم راستەوخۆ پێوەندی بە سیستمی دەسەڵاتی فیدارڵیەوە هەیە و هەم نمونەیەکی نوێ و بەرچاوە. فورمی پێشوی دەسەڵات لە یوگۆسلاوی یەکێک لە شێوە بەرچاو و سەرکەوتووەکانی سیستمی فیدراڵی بوو. بەڵام ئەم سیستمە هەرگیز نەیتوانی کێشەی دەسەڵات بە تایبەت بە هاتنە ئارای کەشی ئازادی بۆ نەتەوەکان لە پاش تێکچوونی سۆڤیەت لەم وڵاتە دا هاتە ئاراوە، بە شێوەیەکی ریشەیی چارەسەر بکا. لەوەدا گومان نییە کە زۆر فاکتەری دیکە وەک دەخالەتی زلهیزەکان رۆڵیان لە ئالوگۆرەکانی بالکان دا گیراوە، بەڵام ریشەی کێشەی بالکان لە پێکەوە نە حەوانەوەی ئەم نەتەوانە بەو سیستمە فیداڵیەی پێشوودا بوو. بە واتایەکی دیکە لێکدابڕانی یوگۆسلاوی و پێکهاتنی چەند دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ، لاوازی سیستمی فیدراڵی لە چارەسەری دەسەڵات لە وڵاتانی فرە نەتەوەدا نیشان دەدا. سەربەخۆی کۆسۆڤۆ لەم رۆژانەدا هەم نا سەرکەوتویی ئەزموونی پێکەوە ژیان لە گەڵ سەربەکان و دەسەڵاتی نادادپەروەرانەی ئەوان لە لایەک و هەم لە لایەکی دیکەوە رۆڵی چارەنوسسازی سوربوونی زۆرینەی ئەلبانیەکانی کۆسۆڤۆ لە سەر پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی دەر دەخا. ئەم ئەزمونە باسی زۆرتر هەڵدەگرێ و بۆ کەیسی کورد یش جێگای تێرامانە.

کەوابوو دەکرێ گومانمان لەوەدا هەبێ کە سیستمی فیدراڵی، بەوئەزمونەی هەیەتی وبەو تاریفەی لێی دەکرێ بتوانێ فورمێکی گونجاو بێ بۆ کێشەی پڕ لە ئالۆزی نەتەوەیی لە وڵاتانی فرەنەتەوەیی وەک ئێران و عێراق کە هیچ مێژینەیەکیان لە کلتوری دیالۆگ و دێموکراسی نییە. بە دوور دەزاندرێ کە مەزنخوازی نەتەوەی باڵا دەست رێگا بدا کێشەی دەسەڵات لە ئێران، عێراق و تەنانەت تورکیەی خاوەن هێندێک بنەمای دیموکراسی لە دیاریکردنی دەسەڵات دا، لە چوارچێوەی فورمی فیدراڵی دا چارەسەر بکرێ. ئەزمونی چەند سالی رابردووی باشوری کوردستانیش لەم بارەوە نمونەیەکی بەرچاوە. سیستمی فیدراڵی لە عێراق دا سەرەرای لایەنە ئەرێنیەکانی نەیتوانیوە وەلامدەری خواستە نەتەوەیەکانی کورد و ئەو رەوتە لە ناسیونالیسمی کورد بێ کە ئەم نەتەوە بەرەو دەسەلات خوازیاریەتی. بە رێکەوت نییە کە لێکۆڵەرەوان و راوێژکارانی سیاسی ولاتانی رۆژئاواش ئێستا بە ئاشکرا باس لە سەر لە نوێ گۆران لە سنورەکانی رۆژهەلاتی نێوەراست بۆ نمونە دابەشکردنی عێراق دەکەن. ئەمەش ئاسۆی ناسەرکەوتویی کۆنسێپتی فیدراڵی لە چارەسەری پرسی نەتەوەیی لە عیراق دا دەنوێنێ.

بە پێچەوانەی روانگەی زۆر لە روناکبیرانی حیزبی و ناحیزبی کورد، لایەنێکی نیگاتیڤی سیستمی فیدراڵی بۆ کورد بە یاسایی کردنی ناوەرۆکی ریکەوتن لە سەر ئەم سیستمەیە. ئەم یاساییکردنە بە ماناى بەستنەوەی ئەندامەکانی نێو سیستمەکە و پابەند بوونیان بە چواچێوەیەکی یاسایی یە. ئەمەش بەو مانایەیە کە بۆ نمونە کاتێک کورد یاسای سیستمی فیدراڵی ئیمزا دەکا لە راستیدا پابەندیی کورد بە مانەوە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی دەسەلاتی هەرێمی سەر بە ناوەند دا مۆر دەکا. ئەمەش لە خۆیدا دەتوانێ ببێتە کۆسپ لە سەر رێگای پرۆسەی ناسیونالییزە کردنی رەوتی سیاسی کورد بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتێکی رە های نەتەوەیی. من پێم وایە ئەوانەی پێیان وایە لە سیستمی فیداڵی دا سەروەری کورد دابین دەبێ لە هەڵەدان. سەروەری سیاسی دەوڵەت_نەتەوەکانی پیشوو لە ولاتانی فرەنەتەوەی زاڵ بە سەر کوردستان دا، لە سیستمی فیدراڵی دوای دیکتاتۆری دا، خۆی لە شکلێکی نویتر دا بەرهەم دەهێنێتەوە. بەو مانایە کە دەسەلاتی نەتەوەی خاوەن هێژمونی هەر قسەی یەکەمی دەبێ و پێناسی سەرەوەری هەر لە ناوەند و لە لایەن نەتەوەی خاوەن دەسەڵاتەوە نوینەری دەکری. کورد لە سیستمی فیدراڵیدا بەو تاریفەی لێی دەکرێ و ئەو ئەزمونەی هەتا ئێستا نیشانی داوە، ناتوانێ خاوەن ستاتۆی سەروەری لە سیمای دەسەلاتێکی نەتەوەییدا بێ. ئەو کۆسپانەی ئێستا دەسەڵات لە بەغدا بۆ حکومەتی کورد لە باشوری کوردستانی دادەنێ ئاکامی پارادوکساڵ بوونی ئەو چوارچێوە یاساییەیە کە سیستمی فیدراڵی هێناویەتە ئاراوە. ئەم سیستمە یاسایە لە لایەک گارەنتی داشکانی دەسەڵاتی سەنتەرگەرای پێشوو (دیسانترالیزە کردن) و بەشداری کورد لە سیستمەکەدا دەکا، لە هەمانکاتدا لە لایەکی دیکەوە هەر ئەو گەرانتیە بۆ خۆی کۆسپی یاسایی لە بەرانبەر رەوتی روو لە گەشەی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی نەتەوەیی داناوە. کە پرسی کورد پاشکۆی سەقامگیربوونی دەسەلاتی ناوەندی بێ. لە رێگای پاراستنی ئەم دەسەلاتە ناوەندیەوە ئاورٍ لە داخوازیەکانی کورد لە کوردستان بدرێتەوە. کورد هیوای بەوە بەستوە کە لە رێگای رازیکردنی نەتەوەکانی دیکە لە ئەنجومەنی نوینەران و مافی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی نەتەوەکان لە سیستمی فیدراڵیدا خواستی نەتەوەیی خۆی بچەسپێنێ. ئەگەر بۆ ئێمەی کورد پێکەوەبوونی یەکجارەکی و درێژخایەن لە گەڵ نەتەوەی بالا دەسەت مومکن نییە، واباشترە ئێمە هەر لە ئیستاوە بنەمای ستراتیژی سیاسی خۆمان لە سەربنیاتنانی دەسەلاتی نەتەوەیی لە کوردستان دابنێین هەتا ئەوەی پرسی کورد بە قەزاو قەدەری بەغدا، تاران یان ئەنکارا بسپێرین. رێگای پێکهێنانی سیستمی فیدراڵی دڵخوازی نەتەوەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دا لە کانالی سەقامگرتوویی دەسەڵاتی سەربەخۆی ئەم نەتەوانەوە رادەبرێ نەک لە سەر بنەمای دەسەڵاتی نابەرابەر و پڕ لە کێشەی ریشەداری دەورانی دیکتاتۆریەوە. هەر ئەو پرۆسەیەی لەم سالانەی دوایی لە ئوروپا لە وڵاتانی فرە نەتەوە لە ئوروپای رۆژهەڵات،

جەوهەری ستراتیژی سیاسی لە پرۆگرامی پارتە سیاسیەکان دا هەتا ئیستا ئەوە بووە بە تایبەت لە بالکان رووی دا. لە پێشدا سەربەخۆیی ئەنجا یەکگرتنی ئارەزومەندانە لە نێو

سەرچاوە
Serchawe

یەکیەتی ئوروپا دا. یەکیەتی واقعی و ئارەزومەندانە لە ڕێگای کورسی دەسەڵاتی بەرابەرەوە لە پرۆسیەکی درێژخایەن دا بینا دەکرێ نەک لە نێو جەرگەی کێشەی قووڵ و لەمێژینەی دەسەڵاتی نابەرابەرەوە. لە سیستمی فیدراڵی جۆری دوهەم دا نەتەوە کەم دەسەڵات و لاوازەکان دۆراوی نێو سیستمەکەن. پەنا بردنی کورد بۆ کۆنسێپتی فیدراڵی وێنای نەبوونی ستراتیژیەکی نەتەوەیی و لاوازی پرۆژەی سیاسی کورد بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی نەتەوەیی دەگەیەنێ.

### هۆکاری ئەمە چییە؟

یەکێک لەو دیاردانەی کە وەک نورمێکی خراپ داوێنی سیاسەتوانانی کورد بەرنادا خوێندنەوەیەکی هەڵە و لاسایی کردنەوەیە لە پرینسیپی سیاسەتی واقعبینانە (ریئال پۆلیتیک). هەڵە بوونی کەڵک وەرگرتن لەم دیاردەیە بۆ کورد لەوەدایە کە سیاسەتوانان و روناکبیرانی حیزبی زۆر جار لە دەستەواژەگەلیکی وەک "زروفەکە هەڵی ناگرێ" "هەلومەرجەکە ریگا نادا" بۆ پاساو هینانەوەی خۆ دووره پەرێز گرتن لە بە خۆدا چوونەوە و گرتنەبەری ستراتیژیەکی نەتەوەیی نوێ و داهێنەرانە کە دەلالەت لە سەروەری بۆ کورد بکا، کەڵک وەردەگرن. پرینسیپی سیاسەتی واقعبینانە کە ریشە فکریەکەی لە ریئالیزمەوە دێ بۆ خۆی باسێکی زۆر ئاڵۆزی فکری لە سەرە. باس لە ریئالیزم ریشەی کۆنە، بەڵام ئەم باسە زۆرتر لە باسە فکریەکانی سەبارەت بە پێوەندی و کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵک و دەوڵەت و قەبوولی واقعی سەروەری دەولەت _ نەتەوەکان لە لایەن خەڵکەوە لە سەدەکانی ١٧ و ١٨ دا هاتە نێو باسە ئاکادیمیەکان. لە بواری پراکتیک دا دەستەواژەی ریئاڵ پۆلیتیک زۆرتر لە لایەن زلهیزەکان و دەوڵەتانی خاوەن سەروەری سیاسی لە رۆژئاوا لە بواری کاری دیپلۆماسی و سیاسەتی رۆژانەی نێو نەتەوەیی هەتا ئێستا کەڵکی زۆریان لیوەرگرتووە. ئامانجی ئەم هێزانە لە راستیدا ئەوە بووە کە ئەسلی سەروەری سیاسی دەوڵەت_نەتەوەکان وەک واقیعی مەوجود لەو جیگایانە کە لە بەرژەوەندی خۆیانە، بپارێزن. مەبەستی دەسەڵاتداران لە قەبووڵی واقعی سیاسی ئەوە بووە کە نابێ نە لە نیو خۆ نە لە لایەن لایەنی دەرەکیەوە هەولی پێشێلکردنی سەروەری دەسەڵاتی دەوڵەتەکان لەو وڵاتانەدا کە لە بەرژەوەندی ئەوان بووە، بدرێت. ئەم پرینسیپە هەتا ئێستا رەخنەیەکی زۆری لە نێو باسە فکریە سیاسیەکان دا لە سەر بووە، چونکە پرینسیپێکە کە لە کردەوەدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئەوانە بووە کە خاوەن دەسەڵاتی زاڵ بوون. لە بەرانبەر دا ئەم پرینسیپە لە دژی ئەوانە بە کار براوە کە بندەست و لە هەلومەرجی مەوجود نارازی بوون .

خۆێندنەوەی بالانسی دەسەلاتی مەوجود لە بەراوردی سیاسیدا پیویستە، بەلام دارشتنی ستراتیژی و سیاسەتی دوارۆژ لە سەر بنەمای هەلومەرج و زروڤی ئێستا بۆ گەلێکی کە دەیەوێ سیستمی سیاسی مەوجود بگۆرێ بە قازانج نییە. ئەو واقعە سیاسیەی کە ئەمرۆکە لە ولاتانی زاڵ بە سەر کوردستان دا هەیە بە نارەوا و بە بێ پرسی کورد و لە سەر حیسابی بندەستی کورد داسەپاوە. بەستنەوەی پرسی کورد بە پارسەنگی دەسەڵات ، لە راستیدا رازی کردنی رای دەسەڵاتی مەوجود، چارەسەری کێشەی کورد دور دەخاتەوە. لە لایەکی دیکەوە دەستەواژەی واقعبینی سیاسی ناتوانێ تاریفێکی کۆنکرێتی هەبێ چونکە ئەمە بارێکی رێژەیی هەیە. ئەوەی ئەمرۆ واقعیی و ساقامگیر دێتە بەرچاو دەتوانێ سبەی نا واقعی بێ بە گۆرانێک کە بە سەریدا دێ. جگە لەمە هەر کەس و لایەنێک دەتوانی لە روانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە دەسەلات و هەلومەرج سیاسی بەراوورد بکا و پێناسی واقعی پێ بدا. راستیەکان لە سیاسەتدا بە شێوەیەکی گشتی هەم رێژەیی و هەم ناپایەدارن و بەردەوام لە گۆڕان دان.

بنەمای دروشمی ستراتیژی پارتی سیاسی کورد گەرەکە ئەوە بێ کە واقعی ئەمرۆی پیوەندیەکانی دەسەلاتی مەوجوود لە وڵاتانی زاڵ بە سەر کوردستان دا رەت بکاتەوە. ئەمە بە مانای نەدیتنی بالانسی دەسەلات لە سیاسەتی رۆژانە و رەتکردنەوەی مامەلە لە بەرانبەر لایەنەکانی دیکە لە ئاستی تاکتیک بۆ گەیشتن بە ئامانجی ستراتیژی نییە. کورد پێویستە بۆ خۆی ستراتیژی خۆی لە سەر بنەمای بەرژەوەندی خۆی دیاری بکا و بە پاساوی "هەلو مەرج و زروف هەڵی ناگرێ" خۆ لە داهێنەری لە سیاسەت و دارژتنی ستراتیژی لە سەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی نەبوێرێ.

هۆکارێکی جیدی بۆ ئەوەی سیاسەتوانانی کورد ئیرادەی گۆران لەو واقیعە سیاسیەی ئێستا لە خۆ نیشان نادەن دەگەرێتەوە بۆ نا باوەری بە خۆ و بە هێزی خەڵک، کلتورێک کە لە سیاسەتی کورد دا هەتا ئیستا رۆلی زۆر نیگاتیڤی گێراوە. ریشەی ئەم خۆ بە کەمزانینە لە بندەستیی ئیمەی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە. ئێمە هەم لە کۆمەڵگایەکدا ژیاوین کە ئیرادەیەکی سەربەخۆمان نەبووە و هەم لە سیاسەتکردنیش دا دەستەمۆی نورمێک بووین کە کلتور و گۆتاری زالی سیاسی نەتەوەکانی دیکەمان بە سەردا سەپاوە. ئەمەش رەنگدانەوەی لە کەم ئیرادەیی نەتەوەیی ئێمەدا داناوە. بە رێکەوت نییە کە ئێمە ئیستاش بە شەرمێونیەوە باس لە دەولەتی نەتەوەیی دەکەین. ئێمە ئەوەندەی هەوڵدەدەین خۆ بە ستەملێکراو نیشان بدەین و ئاماری قوربانیمان نیشان بدەین هێندە هەوڵ نادەین ئیرادەی نەتەوەیی و هێزی مەوجودی خۆمان لە هاوکێشەکاندا نیشان بدەین. بژاردەی حیزبگەرای سیاسی لە هەموو بوارەکان دا لە کلتوری سەنتەرگەرایی پەیرەو دەکا. متمانە بە ئیرادە و تواناییەکانی خەڵک جێگای لەم هزرە سەنتەرگەرایەدا نیە. چاوەروانی ئێمە لەوەی کە لایەنی دەرەکی نوسخەی سەربەخۆیمان لە بەردەم دابنێ بەشێکی زۆری دەگەرێتەوە بۆ ئەم کلتوری خۆ بە کەم زانینە. ئەوەندەی بروا بە هیزی دەرەکی هەیە ئەوەندە بروا بە رۆڵی خەڵک لە دەرەوەی حیزبەکان نییە .

### دوا ووتە

کورد پێویستە ئەو رەوتەی کە لە رۆژهەلاتی نێوەراست لە ئاراڕادایە و رووی لە ئالۆگۆر لە سیستمە سیاسیەکانی ناوچەکەیە بە بایەخەوە چاو لێبکا. ریشەی گۆرنکاریەکان لە ناوچەکەدا لە حزوری هێزی دەرەکی یەوە سەرچاوە ناگرێ، بەلکو لە پێویستی گۆڕان لەم سیستمە سیاسییانەی ناوچەکەدایە. ئەم سیستمە سیاسیانە ئێستا ئیتر وەلامدەری گۆرانکاریە سیاسی، کلتوری و کۆمەلایەتیەکان و گۆڕان لە هەموو بوارەکانی فکری و ماددی ژیانی خەڵک لەم ولاتانەدا نیین. ئاکتەری کارساز لەم گۆرانکاریانەدا خودی گەلانی ناوچەکەن. کورد یەکێک لەو ئاکتەر و گەلانەیە. کوردلە باسە سیاسیەکان دا وەک نەتەوەی بێ دەوڵەت باسی لێدەکرێ. هۆکاری بنەرەتی دووریی ئەم نەتەوەیە لە دەسەڵات، لە نەبوونی ستراتیژی یەکگرتووی ناسیونالیسمی کورد دا دەبیندرێ. نەبوونی ستراتیژیەکی یەکگرتوو نەک بۆتە هۆکاری لاوازی لە نێو خۆی بزوتنەوەی کورد دا بەلکو بۆتە هۆکاری ئەوەش کە پرسی کورد ستاتۆیەکی نێونەتەوەیی بە خۆوە نەگرێ کورد سەرەرای هەموو جیاوازیەکان لە نیوان بەشەکانی کوردستان ولە نێوان پارتە سیاسیەکان دا، ئیمکانی ئەوەی هەیە و لەو ئاستەدایە کە خاوەن ستراتیژیەکی نەتەوەیی بێ. دواکەوتوویی کۆمەڵگای ئێمەی کورد، چەندبەشبوونی کوردستان و چەند دەوڵەتی نەیاری دژ بە دەسەڵاتی سیاسی کورد، پاساوی ئەو لاوازیە نادەنەوە کە کورد لە قۆناخی ئێستا دا لە بواری یەکنەگرتوویی نەتەوەییدا لە گەڵی رووبەرووە. ئەم لاوازیە تەنیا حیزبەکان ناگرێتەوە بەلکو روناکبیرانی سیاسیی دەرەوەی حیزبەکانیش دەگرێتەوە. بیرکردنەوە لە پێکهێنانی هاوفکری نەتەوەیی و هەبوونی گوتاری سیاسی یەکگرتوو ئەرکێکی گرینگی ئێستای هەموو کورد بە تایبەت پارتە سیاسیەکانی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا. ئەم پارتانە لە باتی بەستنەوەی سەر لە نوێی چارەنوسی کورد بە ناوەندی وڵاتەکان لە چوارچێوەی سیستمی فیدراڵی دا پێویستە لە هەوڵی پێکهێنانی ئیرادەی یەکگرتووی نەتەوەیی و ستراتیژی روونی سیاسی بۆ دەسەڵاتی کورد لە کوردستان بە پشت بەستن بە توانایەکانی خەڵکدا بن .

سەرچاوە: گیارەنگ .سوێد ٢٣ /٢ / ٢٠٠٨

سەرچاوە Serchawe

# مێژووی قەڵای شاری هەولێر



تەپۆلکەیەکی بازنەیی رووتەختە، رووبەری (١٠٢.١٩٠) م٢، ناوەڕاستی شاری هەولێر داگیر دەکات، ٤١٥م لە ئاستی رووی دەریا بەرزترە و بە بەرەنجامی ٢٦م و ٢٥سم لە ئاستی رووی شاری هەولێر بەزرترە، کە لە بەرزترین شوێن دەگاتە نزیکەی ٣٠م

هەندێک بیروڕا هەیە کە دەڵێت قەڵای هەولێر لەوەی ئێستا بەرزتر بووە، بەڵام لە ساڵی (٢١٦ز) ئیمپراتۆری رۆمانی (کراکلا ) کاتێ هێرشی بۆ سەر تیفسون لە هەولێردا رۆیشتووە و تەپۆلکەکەی قەڵا کە گۆڕستانی پاشا فۆرسییەکان بووە رووخاندووە و ئێسک و پروسکی مردووەکانی دەرهێناوە، سەبارەت بەم قەڵایە دێرینەی کە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن رێکخراوی یۆنسکۆوە بە یەکێک لە گرنگترین ١٠٠ شوێنەواری جیهان دەست نیشان کراوە کە پێویستە وەکو کەلتوورێکی مرۆڤایەتی پارێزگاری لێوەبکرێت.

زۆر بیرو بۆچۆن سەبارەت بەم گردۆلکەیە هەیە کە ناوەڕاستی دەشتایەکی پان و بەرین دەگرێت ، هەندێک ئەم گردە بە دەستکرد و تورەگە رێژ دەزانن کەلەلایەن ئاشورییەکانەوە بە زۆرەملێ بە دیلەکانی جەنگ دروستکراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی دووژمنەکان.

کە چی زانای ئەمەریکی(ئەداورد کە بیرا) مامۆستای زانستی ئاشوورییەکان لە زانکۆی شیکاغۆ دەڵێت: لە عێراقی ئێستادا هەندێک شار هەن کە تاکو ئێستا خەڵکیان تیا دەژی کە چی خۆی لەسەر گوند و شاری کۆن دروستکراوە، لەوانەش شاری هەولێر و شاری کەرکووک، ئەوەی لەسەر تەپۆلکەی ئەم گردە دێرینە برواێت شوێنەواری چەندین شارستانی کۆن دەبینێت کە بریتیە لە گردێک کە حەفت شارستانی لە خۆوە دەگرێت، کە سەرەتای دروستبوونی سۆمەری بووە و دواتر چاخەکانی (بابلی، فارسی ، یۆنانی، پارسی، ساسانی ، ئیسلامی) بینوە، واتا شارەکە ماوە بەڵام خەڵکەکەی دانیشتوی گۆڕاون واتا ئەم گرۆلکەیە ئاکامی چەندین شارستانیەتی پێشە خۆیەتی و هەر جارێک بەهۆی هەر کارەساتێک تێکچووە، دواتر خەڵکەکەی لەسەر شارستانیەتە کۆنەکەی یەکێکی نوێیان دروستکردووە.

بەڵام قەڵای هەولێر تەنیا گردۆلکە نییە لە دەشتی هەولێر و بەدەیەها گردۆلکەی هاوشێوەو لەم دەشتە پان و بەرینە سەر دەردەخەن و باشترین بەڵگەش گردی(قالینج ئاغا) یە کە چەند کیلۆمەترێک لە قەڵاوە دوورە و نزیکەی ٧ مەتر لە شەقامی بەردەمی بەرزترە و بەپێی کنە و پشکنین کە ساڵی 1965 بۆی ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە ئەم گردۆلکەیە لە هەزارەکانی(٥٠٠٠-٤٠٠٠) پێش.زایین، ئاوەدان بووە( لە چاخی حەلەف عوبید و وەرکا) و لە هەزارەی سێیەم ژیانی لەسەر براوتەوە ، لە کاتی پشکنین بینرا لە ٧ چین پێک دێت( هەر چینێک گوزارشت لە شارستانیەتێک دەکات و بەدەیەها کەل و پەل و پارچەی گڵێنە و پەیکەری گیانلەبەر و سەرکەتەشی گڵێنە و جل و بەرگی جۆراو تیادا دۆزراوەتەوە.

کە هەمووی گەواهی ئەوەیە کە ئەم گردۆلکانە هەبووین بەڵام مرۆڤ زۆر ژیرانە بەکاری هێناون و توانیوویەتی سوودیان لێ وەرگرێت.

تەمەنی قەڵای هەولێر بە تەواوی دیار نییە بەڵام لەسەروبەندی ساڵی ٢٠٠٠ پێش.زایین لە نووسراوەکانی پادشای سۆمەری(شۆلکی) بە ناوی(ئوربیلیم- **urbilum**) هاتووە.

بەڵام بەر لەوە و چاخی ئەکەدی(٣٣٥٠- ٢١٥٠) پێش.زایین و لەسەردەمی یەکەم پاشایان( سەرجۆنی ئەکەدی) و لە هەڵمەتەکەی بەرەو باکور بۆ تەمێی کردنی گوتییەکان فراوانکردنی ئیمپراتۆریەتەکەی بە هەولێردا رۆیشتووە و باس لە هەولێر کراوە.

ئیتر لەم مێژووەوە بە دواوە و لەسەرجەم چاخەکان باس لە هەولێر کراوە، کە دەڵێین هەولێر واتا( قەڵا) چونکە تاکو ساڵی ١١٩٠ زایینی کاتی سوڵتان موزەفەرەدین دەبێتە فەرمانڕەوایی هەولێر و لە ماوەی ٤٢ ساڵی فەرمانڕەوایەتی هەولێر زۆر دەگەشێتەوە و لەم ماوەیەدا بەشی خواروی هەولێر(دەرەوەی قەڵا) دروست دەبێت( بەپێی نەخشەیەکی ساڵی ١٢٣٣زایینی واتا دوایی ساڵێک لە کۆچی دوایی سوڵتان) لە خواروی قەڵا دوو قوتابخانە و دوو مزگەوت و بازاڕی قەیسەری و بەشێکی گەرەکی خانەقا هەبوو و ئەم هەمووەش بە شوورەیەکی درێژ دەورە دراوە کە سێ دەرگای هەبووە، ئەوکات رووبەری ٣ کیلۆمەتر دووجا بووە و زۆربەی گەشەسەندنەکەی بەرەو باشوور و باشووری رۆژئاوا بووە، و ئەم سێ دەرگایەش بەرەو:

- ※ دەرگای یەکەم بەروە و رۆژهەڵات باکور لە گەڕەکی خانەقا
- ※ دەرگای دووەم بەرەو باشور نزیک گوڕستانی شێخ محەمەد خوارسانی
- ※ دەرگای سێیەم بەرەو رۆژئاوا نزیک منارەی چۆلی رێگای موسڵی کۆن

کە چی دوایی کۆچی دوایی سوڵتان و بەهۆی هێرشە درەندەکانی مەغۆلەکان هەولێر دووبارە بچووک بۆتەوە و خەڵک لە قەڵا بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە دووبارە کۆبوونەتەوە.

دووەم گەشەی شار دوور لە قەڵا لەسەردەمی مێرنشینی سۆران بووە لە ماوەی(١٨٢٢-١٨٣٦)زایینی، کاتی خەڵک توانیوویانە لە دەرەوەی قەڵا و لە بەشی خوارەوەی خانوو دروست بکەن، ئەوەتا( مستەر ریچ) جێنشینی بریتانی لە بەغدا و کاتی لە ساڵی ١٨٢٠ز، سەردانی شاری هەولێر دەکات دەڵێت( شاری هەولێر دەکەوێتە لای باشووری گرۆدلکە دەستکردەکە(مەبەستی قەڵایە) و یەک حەمام و چەندین خانوو و بازاڕی تێدایە و بەشێکی شارەکە دەکەوێتە سەرگردۆلکەکە پێی دەوترێت قەڵات) لە مەشی بۆمان دەردەکەوێت کە لەم کاتە دا بەشی خوارەوە هەبووە.

لەلایەکی تر و مونشی بەغدادی( سەید محەمەد کوڕی سەید ئەحمەد حوسەینی) کە سکرتێری جێنشینی بریتانی بوو لە بەغدا، کاتی لە ساڵی ١٨٢٢ دێتە هەولێر دەڵێت :

(لە قەڵات نزیکەی ١٠٠٠ ) ماڵ هەن، کە چی لە دەرەوەی قەڵا ٤٠٠٠ ماڵ هەیە ..... و هەموو خەڵکی هەولێر موسڵمانی شافیعی ئاینزان).

ئەم گەشەی هەولێر لە سەردەمانی باڵا دەستی میرنشینی کوردی و بابان و سۆران بووە، و بەتایبەتی میرنشینی سۆران و لە سەردەمی میر محەمەد پاشای رەواندز کاتی لە ١٨١٨زایینی

سەرچاوە Serchawe

بانگەشەی سەربەخۆی میرنشینەکەی لە دەوڵەتی عوسمانی دەکات، لە ٢٠ی ڕەمەزانی ١٨٢٢ زایینی بە سوپایەک لە ڕۆڵەکانی عەشیرەتەکانی(خۆشناو، سورچی، زراری ، کۆری) دێتە هەولێر و دوای پێکهاتنی لەگەڵ زانایانی ئایینی شار شارەکە لە جەنگ عوسمانیە داگیر کەرەکان ڕزگار دەکات.

گەر سەد ساڵێک لەم ڕووداوە بگەڕێنەوە دواوە دەبینین کە لەسەدەی هەژدەم هەولێر تەنیا قەڵات بووە، ئەوەتا نیبور کاتی لە ساڵی ١٧٦٦ زایینی سەردانی هەولێر دەکات دەڵێت( قەڵاکە بێ شوورەبوو، بەڵام خانووەکانی لە لێواری قەڵا بەشێوەیەکی چڕ و پڕ و لەیەک نزیک دروست کراون بە ئەندازەیەک کە کەس توانای چوونە نێو قەڵاکەی نییە بەبێ ئەوەی بە دەرگا سەرەکیەی بڕوات).

نیبور لە درێژەی قسەکانی دەڵێ شارەکە بریتیە لە قەڵاکەو هەرچی بەشی خوارەوەیە ئەوا بریتی یە لە چەند ماڵێکی شپری ناڕێک.

گومان لەوەشدا نییە کە سەردانەکەی نیبور دوای هەڵمەتەکەی نادر شایە بۆ هەولێر ساڵی (١٧٣٢)زایینی کاتی قەڵا ٦٠ ڕۆژ گەمارۆ دەدات و لەبەر بەرەنگاری ئازایانەی خەڵکی شار و دوای داگیرکردنی شارەکە خاپوور دەکات و شوراکان دەروخێنێت و دەرگاکە دەشکێنێت.

لەوەی سەروو بۆمان دەر دەکەوێت کە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم خەڵک لە قەڵا هاتونەتە خوارەوە و دەستیان بە دروستکردنی خانوو کردووە ئەمەش لە کاتی فەرمانڕەوایێتی خودی کوردان بووە بۆ شارەکە، کە ئاشتی و ئارامی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە.

ئەم قەڵایە لە سێ گەڕەک پێک دەهات.

١- سەرا: لەبەر ئەوەی دەزگاکانی میری لێبووە بۆیە بەم ناو ناونرابوو

٢- تەکیە: لەبەر ئەوەی تەکیەی شێخ شەریفی تێدابوو بۆیە بەم ناوە ناونرابوو

٣- تۆپخانە: لەبەر ئەوەی تۆپ و چبەخانەی لێ دانرابوو و بەرامبەر شاری موسڵ بۆیە ئەم ناوە ناونرابوو.

جێگای ئاماژەیە کەوا قەڵات هەتاوەکو ساڵانی حەفتاکان هەر بە سێ گەڕەکی هەولێر ئەژمار دەکرا کە گەڕەکەکانی( سەرا، تەکیە، تۆپخانە) ، بەڵام دوای فراوانبوونی شار و دروستبوونی گەڕەکی نوێ کە ژمارەی دانیشتوانی لە ٢٠ هەزار و ٣٠ هەزار زیاتر بوو، ئەوا لەسەر ژمێری ساڵی ١٩٧٧ هەموو قەڵا بەیەک گەڕەک ئەژمارکرا بە ناوی قەڵات کە ژمارەی دانیشتوانی تەنیا ٣٦٠٢ کەس بوو.


گەر سەیرێکی سەر ژمێریەکانی شاری هەولێر بکەین دەبینین کە قەڵات بە ٣ قۆناغ دا دەڕوات:

١- قۆناغی تەواوی شار، واتا لەو کاتانەی کە شاری هەولێر تەنیا لە قەڵات پێکهاتووە ئەوەش لە ٢٠٠٠ پێش زایین تاکو ١٢٣٣ز.

٢- قۆناغی بەشی گەورەی شار، ئەو کاتەی کە بەشی زۆری شار قەڵابوو ئەوەشی لە ١٢٣٣ زایینی تاکو ١٩١٦ زایینی .

٣- قۆناغی گەڕەکێکی بچووکی شار، ئەو کاتەی کە شاری هەولێر لە خوارووی قەڵات گەورەبوو، ئەوەش لە ساڵی ١٩١٦ تاکو ٢٠٠٦ زایینی، و ئەوەی هاوپێچ خشتەیەکی بچووکی شەر ژمێری شاری هەولێر و قەڵاتە ڕێژەکەی نێوانیانە.

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوانی قەڵات | ژمارەی دانیشتوانی شاری هەولێر | ڕێژە |
| --- | --- | --- | --- |
| ١٨٣٧ زایینی | ٥٠٠٠.٤٥٠٠ | ٥٠٠٠.٤٥٠٠ | %١٠٠ |
| ١٨٤٧ زایینی | ٦٠٠٠.٥٠٠٠ | ٦٠٠٠.٥٠٠٠ | %١٠٠ |
| ١٩١٦ زایینی | ٤٥٠٠.٤٠٠٠ | ١٠.٠٠٠ | % ٤٠ - ٤٥ |
| ١٩٤٧ زایینی | ٤٣٢٠ | ٢٧٠٣٦ | %١٥.٩ |
| ١٩٥٧ زایینی | ٥١٢٨ | ٣٩٩١٣ | %١٢.٨ |
| ١٩٧٧ زایینی | ٣٦٠٢ | ١٩٣٥٥٨ | % ١٨ |



گومان لەوەشدا نییە ئەم هێلەی ژمارەی دانیشتوانی هەولێر بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی سەرجەم ژمارەی دانیشتوانی هەولێر هەر ڕووە خواربوو، ئەو ژمارەی کە بۆ ماوەی نزیکەی ٤٠٠٠ ساڵ بە ١٠٠٠% مایەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بە شێویەکی تێژ ڕووە و خوارەوە هات تا لە ساڵی ٢٠٠٦ بووە ٠% سفر کاتی قەڵاچۆلکرا بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی (تەنیا چەند خانەوادەیەکی کەم نەبێت کە بە پەنجەی دەست دەژمێر درێت) و ئەم خانەدانا دەستی لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر گەڕەکێکی بە ناوی( قەڵات) یان بۆ داینکرا.

قەڵای هەولێر کە تەمەنی( بەپێی توێژەران) ٦٠٠٠ ساڵە لەم ماوە درێژەی تەمەنی چەندین جار مەبەست لە هەبوونی گۆڕاوە، ئەم قەڵایەی بە دەست سۆمەریەکان دروستکراوە و دوای ئەوان بە دەیەها نەتەوە و شارستانیەت لە سەرەی ژیاون ، لەم ماویەدا چەندین جار مەبەست لە بوونی گۆڕاوە و جگە لە جێنشین چەندین مەبەستی تری پێکاوە:.


١- مەڵبەندی پەرستن، ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە سەردەمی ئاشورییەوە، بە دیار دەکەوێت کە پەرستگای خواوەند عەشتار بووە( خواوەندی جەنگ و سەرکەوتن) و بەم مەبەستەش پادشا ئاشوریەکان حەجیان بەرەو قەڵای هەولێر دەکرد و شەوانی بەر لە رابەرایەتی کردنی هێرشە گەورەکان بۆ سەر دوژمنان لە پەرستگای عەشتاری هەولێر دەنووستن و دوای سەرکەوتنیان دیلەکانیان بەرەو هەولێر دەهێنایەوە.

ئەوەتا(ئاشوور ناسر باڵ) ٨٨٥- ٨٦٠ پێش زایین. هەولێری زۆر خۆشدەویست و بە شاری خۆی دەزانی و دوای هاتنی بۆ هەولێر و مانەوەی لە پەرستگای عەشتار ڕووی لە وڵاتی خلدیا کرد و پادشا( کیرخی) لە سێدارەدا و لاشەکەی بە شورای قەڵای هەولێر هەڵواسی. هەرچی پادشای سەنحارییە( ٧٠٥-٦٨١) پ.ز کە حەجی بۆ هەولێر کردووە و لە ڕێگای کەناڵێکی کەم وێنەدا و بەدووری ٢٠ کم ئاوی لە بەستۆرەوە بۆ قەڵای هەولێر هێناوە، و یەکەم پرۆژەی ئاودێری لە جیهاندا دروستکردووە و دواتر ئاشور بانیپالی( ٦٦٩-٦٢٦)پێش زایین.دوای داوای سەرکەوتن لە خواوەند عەشتاری هەولێر و دوای سەرکەوتنی هەڵمەتەکەی بۆ سەر سوسەی پایتەختی عیلامیەکان،ئاشور پادشای عیلامییەکان (تی- ئامان) دەکوژێت و سەری بە شورای

سەرچاوە Serchawe

قەڵای هەولێر هەڵدەواسێ و سەرجەم دیلەکانیش دێنێتە هەولێر و لە دیاری خۆی و خێزانەکەی لە ڕۆژی خواوەند عەشتار لە ژێر شورای قەڵا پێستی دیلەکان بە زیندووی کەوڵدەکات و وەکو قوربانییەک پێشکەشیان دەکات و بە خواوەند عەشتار.

لەلایەکی تر دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری بەدەست میدیەکانەوە و سەرە ڕای خۆ بەدەست نەدان و بەرەنگاربوونەوەی هەولێر، و هەر چەندە میدیەکان سەرجەم شارە ئاشورییەکان بە نەینەوای پایتەختەوە وێران دەکەن، بەڵام لەبەر پیرۆزی و گەورەیی شاری هەولێر دەستکاری هیچ ناکەن.



٢- قەڵای هەولێر بەهۆی هەڵکەوتنی و ئازایەتی خەڵکەکەی شوێنێکی بەرەنگاربوونەوە و سیمبولی بەرخودان بووە، ئەوەتا کاتێ میدیەکان سەرجەم ئیمپراتۆریەتی ئاشوری داگیر دەکەن بە نەینەوای پایتەختەوە لە ٦١٢ پێش زایین. و دواتر هەر چەندە پاشا کەی ئەفسار هەوڵ دەدات لە ٦٠٨ پێش زایین هەولێر خۆی بەدەستەوە نادات.

لەلایەکی تر هەولێر یەکێکە لەو شارە دەگمەنانەی جیهان کە بەرەنگاری هێرشی مەغولیەکان دەکات و دوای گەمارۆیەکی سەختی ٦ مانگی لەلایەن هێزەکان هۆلاکۆوە لە ساڵی ١٢٥٨ زایینی هەولێر خۆی بەدەستەوە نادات ( بۆیە ئێستا بە هەولێری هۆلاکۆ بەزێن ناسراوە) لەلایەکی تر و لە ساڵی ١٧٤٣ زایینی و کاتێ نادر شار بە سوپایەکی ٣٠٠ هەزار کەسەوە بەرە عێراق هات و دوای گەمارۆدانی هەولێر بۆ ماوەی ٦٠ ڕۆژ و دوای بە رەنگاروبوونەوەیەکی دلێرانەی هەولێریەکان، نادر شا هەولێر داگیر دەکات و سەرتاپا شورەکە دەروخێنن و زۆر ئازادی شار و خەڵکەکەی دەدات.

٣- یەکێکی تر لە جیاکارییەکانی قەڵای هەولێر ئەوەیە کە لە نزیک شوراکانی شەڕی گەورەی یەکلاکەرەوە روولی داوە، جەنگی گەورەی ئەوتۆ کە ڕێرەوی مێژووی گۆڕیووە.

گرنگترین جەنگی جیهانی کۆن لە نێوان دوو زلهێزی ئەوکات، شەڕی ئەربیلا یاخود گۆگەمێلایە، کاتێ ئەسکەندەری مەقدۆنی بەخۆی و سوپاکەی بەرەنگاری دارایی سێیەم پادشای هاخەمەنشیەکان بە سوپایەکی ٧٠٠ هەزار کەسی بۆوە و لە ئاکامدا و بەپێی نەخشەیەکی سەربازی تۆکمە ئەسکەندەر جەنگەکەی بردەوە و دارا بەرەو شاری هەولێر رایکرد و سەرجەم زێر و سامانەکەی کە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتبوو و بە هۆی قورسی و زۆریەوە بە پێنج ڕۆژ لە ڕووباری زاپ و پەڕیەوە و ئەم هەموو سامانەی لە هەولێر جێهێشت و بەرەو چیاکان رایکرد کە دواتر لەلایەن پاسەوانانی خۆی کوژرا.

جەنگی دووەمی یەکلاکەرەوە لە نێوان ئەمەویەکان بەسەرکردایەتی دوا خەلیفەیان(مەڕوان کوڕی موحەمەد) کە دایکی کورد بوو و نازناوی(مەڕوان ئەلحیمار) بووە( واتا مەڕوانی کەر) ئەمەشی لەبەر سەرسەختی و توانا و سەبرکردنی لەکاتی جەنگەکان، وە عەباسییەکان بەسەر کردایەتی ئەبا عەون و عەبدولمەلیکی خوراسانی و لەنزیک هەولێر و لەو بەری ڕووباری زاب هەردوو لا بە یەکگەیشتن و ئەمەویەکان بە ١٢٠ هەزار کەس و عەباسییەکان بە ٣٠ هەزار کە س و دوای شەڕێکی سەخت بۆ ماوەی ٩٠ ڕۆژ لە ئەنجامدا ئەمەویەکان شکان و عەباسییەکان پردەکەیان ڕووخاند و بەمەش جلەوی دەسەڵات لە جیهانی ئیسلامییدا لە ئەمەویەکان گواسترایەوە عەباسیەکان ئەمەش لە ساڵی ٧٥٠ زایینی، ڕوویداوە.

٤- گۆڕستان، شوێنی ناشتنی تەرمی پادشاکان بووە، هەروەکو چاخی فورتی (١٤٨پ.ز- ٢٢٦ز) ڕوویدا کە ئەمانە تەرمی پادشاکانیان لە هەولێر دەناشت و هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی(کراکلا) کاتێ دێتەهەولێر لە ٢١٦ ز تەپۆلکەکە بە گۆڕستانەوە رادەماڵێت و ئیسک و پروسکی پاشا فورسییەکان لە گۆڕستان دەردێنێت.

٥- قەڵای هەولێر ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە لە جێگرکردنی شوێنی شاری هەولێر، بەهۆی بوونی ئەم قەڵایە شاری هەولێر ماوەی (٦٠٠٠) ساڵە یەک مەتر لە شوێنی خۆی نەجولاوە و لە تەواوی ئەم ماوەیەدا ژیانی بە بەردەوامی لەسەر بووە، و ئەگەر قەڵاتی هەولێر نەبوایە ئەوا بێگومان شاری هەولێر لە شوێنێکی تر دەبوو چونکە هیچ بەربەستێک نەبوو لە بەردەم گواستنەوەی بۆ شوێنێکی تر .




٦- قەڵای هەولێر ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە جێگربوونی ناوی هەولێر، ئەوەتا یەکەم جار لە (٢٠٠٠ پێش زایین) کاتێ لەسەردەمی پادشای سۆمەری(شۆلکی) بە (ئوربیلیم) دێت و تا کو ئێستا ناوی (ئەربیلە) و هیچ شارێک نییە لە جیهاندا جگە لە هەولێر ناوەکەی لە ماوەی ٦٠٠٠ ساڵ وەکو خۆی مابێتەوە، ئەمە تەنیا و تەنیا لە شاری هەولێر بە هۆی قەڵاکەی ڕوویداوە، لە یەکەم ناو هێنانییەوە تاکو ئێستا نەگۆڕاوە.

٧- یەکێک لە جیا کەرەوەکانی قەڵات لە دوا ساتەکانی چاخی عوسمانی ئەوەبوو تەنیا جێنشین و شوێنی گەورە پیاوانی دەسەڵات بووە و خەڵکە سادەکەی هەولێریش لە خوارووی قەڵا ژیانیان بەسەر دەبرد، کەچی ئەم شتە لە کۆتایی نۆهەدەکانی سەدەی بیستەم پێچەوانە بوو و تەنیا خانەوادە هەژارەکان لە قەڵات ژیانیان بەسەر دەبرد.

لەوەی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت کە قەڵای هەولێر و لە چاخە جیاجیاکان چەندین پلە و کاری جیاجیای بەخۆوە بینیووە لە هەر چاخێک بەجۆرێک مامەڵەی لەگەڵ کراوە لە پیرۆزترین شوێن لە سەردەمی ئاشوورییەکان کە پادشاکان حەجیان بۆ دەکرد و لە بن شورەی قەڵاتەکەی سەری پادشای دوژمنیان لە جەستە جیادەکردەوە. بۆ شارێکی وێرانی بێ ناز لە سەردەمی سەفەویەکان، لە شوێنی ناشتنی گۆڕی پادشاکان بۆ شوێنی دەرهێنان و سوکایەتی کردن بەم جەستانە، لە شوێنی نیشتەجێبوون پیاوە گەورەکان و ئەشراف و پیاوە ماقوڵان لە سەردەمی عوسمانی بۆ لا نەوازە و خانەی هەژاران لە کۆتایی سەردەمی بیستەم، لە قەڵایەکی گەورەی بەرخودان لە سەردەمی هۆلاکۆ بۆ قەڵایەکی بێ بایەخی فەرامۆشکراو لە سەردەمی ساسانیەکان. قەڵای هەولێر هەموو ئەو کاتە خۆش و ناخۆشانەی بینیووە و شوێنی هەر ڕووداوێکیش لەم ڕووداوانە بە جەستە پیرە کەیەوە دیارە، ئەو جەستە زەبەلاحەی کە بێجگە لەوەی ناوەڕاستی شاری هەولێر دەرزاێنێتەوە، بێگومان ناوەڕاستی دڵی هەولێریان بەبێ یەک و دوو داگیر دەکات.


خەڵکی هەولێر ئەوەندەی شانازی بە قەڵاوە دەکەن، نیوەی ئەوەندە بەسەرجەلەی خانەوادە و نازناویان شانازی ناکەن،ئاوای لێهاتووە ناوی ڕۆڵەکانیان بە(هەولێر) ناو دەنێنن.

سەرچاوە: پارێزگای هەولێر

## یادێک لە شاعیری ناوداری کورد

# جگەرخوێن

١٩٠٣ - ١٩٨٤



لە ساڵی ١٩٠٣ زاینیی لە گوندی حەسار نزیک بە شاری ماردین لەدایکبووە. بەمنداڵی شوانی و گاوانی کردوو، لەبەر ئەوەی نەداربوە و باوکی کۆچی دواییکردوە، خوشکەکەی گرتوویەتییە خۆی و بەخێوی کردووە و دواتر لەبەر هێندە دەردە نەداری و هەژاری بەناچاری گوندی حەسار جێدەهێڵن و لەساڵی ١٩١٤ بۆ گوندی عاموودە دەیگوێزنەوە.
جگەرخوێن هەر لە منداڵییەوە زیرەکی و هۆشیاری و توند وتۆڵی پێوە دیاربووە و حەزی لە خوێندن کردووە، بۆیە بەهەر جۆرێک بێت، ناردوویانە بەر خوێندن لە حوجرەی مزگەوت و سەرجەم خوێندنەکانی زۆر زیرەکانە بەرێکردووە وەک خوێندنی زمانی عەرەبی و زانستەکانی ئایینی ئیسلام، بۆیە بە ئومێدی تەواو کردنی مۆڵەتی دوازدە زانستی باکوور و هەر چوار پارچەی کوردستان گەڕاوە و دواتر لەسەر دەستی مەلا عوبێد وەرگرتووە.
لە کوردستانی ڕۆژئاوا و ماوەیەکیش لە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات مەلایەتی کردووە.
جگەرخوێن لەساڵی ١٩٤٦ زاینیی ڕوو دەکاتە شاری قامیشلی و دەست بەکاری ڕامیاری دەکات و دەبێتە ئەندامی پارتی جڤاتا ئازادی و یەکیەتییا کورد (Civata Azadî û Yekîtiya Kurd). لەساڵی ١٩٤٨ زاینیی دا دەبێتە ئەندامی پارتی کۆمنیستی سوری و لەساڵی ١٩٥٤ دا بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی سوریا دەپاڵێورێت. لەساڵی ١٩٥٧ واز لە پارتی کۆمۆنیست دەهێنێت و ڕێکخراوی ئازادی دادەمەزرێنێت. ئەو ڕێکخراوەش پاشتر دەچێتە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریاوە. لەساڵی ١٩٥٩ دا جگەرخوێن ڕوو دەکاتە کوردستانی باشوور و تا ساڵی ١٩٦٣ لە زانکۆی بەغدا دەبێتە مامۆستای وانەبێژ لە بەشی زمانی کوردی. دواتر دەگەڕێتەوە بۆ قامیشلی سەرقاڵی نووسین و کاری ڕامیاری دەبێت. هەر لەو ساڵەدا و لە شاری دیمەشق دەخرێتە گرتووخانەوە.
بۆ بەشداریکردن لەشۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی جگەرخوێن لەساڵی ١٩٦٩ ڕوو دەکاتە کوردستانی باشوور و چالاکی کوردایەتی خۆی پێشکەشی شۆڕشی کوردی دەکات.
لەساڵی ١٩٧٣ دا بەرەوو لوبنان دەچێت و لەوێش هۆنراوەی کیمە ئەز (Kîme Ez) دەنووسێت.
جگەرخوێن لە ساڵی ١٩٧٦ دا بۆ سوریا دەگەڕێتەوە و لە ساڵی ١٩٧٩ ناچار دەبێت ڕوو بکاتە وڵاتی سوئێد و لەوێ وەک پەناهەندەیەک دەگیرسێتەوە و بەنووسینەوە سەرقاڵ دەبێت و لە ٢٢ / ١٠ / ١٩٨٤ کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی بۆ قامیشلی دەگوێزرێتەوە و لەوێ بەخاکی کوردستان دەسپێدرێت، ئەوەش هەروەک خۆی پێش مردنی داوایکردبوو.

**بەرهەمەکان:**

دیوانی ئاڤستای جگەرخوێن دیوانی یەکەم: پریسک و پەتی (Prîsk û Pêtî)، ساڵی ١٩٤٥ زاینیی دیمەشق
دیوانی دووەم: سەورا ئازادی (Sewra Azadî)، ساڵی ١٩٥٤ دیمەشق
دیوانی سێیەم: کیمە ئەز (Kîme Ez)، ساڵی ١٩٧٣ دیمەشق
دیوانی چوارەم: ڕۆناک (Ronak)، ساڵی ١٩٨٠ ستۆکهۆڵم
دیوانی پێنجەم: زەند ئاڤستا (Zend-Avista)، ساڵی ١٩٨١ ستۆکهۆڵم
دیوانی شەشەم: شەفەق (Şefeq)، ساڵی ١٩٨٢ ستۆکهۆڵم
دیوانی حەوتەم: هێڤی (Hêvî)، ساڵی ١٩٨٣ ستۆکهۆڵم
دیوانی هەشتەم: ئاستی (Astî)، ساڵی ١٩٨٥ ستۆکهۆڵم
دەستوورا زمانێ کوردی (Destûra Zimanê kurdî)، ساڵی ١٩٦١ بەغدا
فەرهەنگ (پەرچێ یەکەم) (Ferheng, perçê yekem)، ساڵی ١٩٦٢ بەغدا
فەرهەنگ (پەرچێ دوەم) (Ferheng, perçê diwem)، ساڵی ١٩٦٢ بەغدا

سەرچاوە: ماڵپەڕی خۆزگە



بیرەوەری ساڵیادی کۆچی دوایی شاعیری ناودار جگەرخوێن

سەرچاوە Serchawe

# پڕۆفیسۆر قەناتی كوردۆ

## یادێك لە كوردناس و زانای مەزنی كوردی یەكیەتی سۆڤیەتی جاران

**سپتامبری ١٩٠٩ – نۆكتۆبری ١٩٨٥**

كوردنـــاس و زانـــای مـــەزنی كـــوردی یـــەكێتی ســـۆڤیەتی جـــاران پرۆفیســـۆر قـــەناتی كـــوردۆ ٩٧ ســـاڵ لەمەوبـــەر لـــەرۆژی ٢١/ ٩ / ١٩٠٩"سوســـز"ی ناوچـــەی "قانزمـــان"ی هـــەرێمی قارس لەكوردستانی باكووری سەر بەدەوڵەتی عوسمانی لەدایكبووە، ناوی تەواوی "قەنات كوڕی كوردۆ كوڕی كەلەش كوڕی خدر"ەو لەسەر ئایینی ئێزیدی بووە .



لـەكۆتایی جـەنگی یەكـەمی جیهـانی لەسـاڵی ١٩١٨دا كەتوركـەكان بەسـەر ئەرمەنـدا زاڵبـوون، بنەماڵـەی قـەنات و خـەڵكی ئاوایییەكـەیان خۆیـان لـەچنگی توركـەكان رزگـار كـردو بـەرەو ناوچـەی "ئاپـاران"ی ئەرمەنسـتانی ژێـر دەسـتی ڕووسـیا كەوتنـەڕێ و لـەو نـاوە لەگونـدی "كـۆربلاخ" نیشـتەجێ بـوون، كەخـەڵكی گوندەكەهـەموویان كوردبـوون، هـەر لـەو سـاڵەدا توركـەكان ناوچـەی ئاپارانیـان داگیـر كـرد، بەتایبـەتی گونـدەكانی كـورد، بۆیـەماڵی قـەنات ماوەیـەك دەربـەدەربوون و لەدوایییـدا گەڕانـەوە"ئاپـاران" و بـاوكی بەحـەماڵی گـوزەرانی دەكـردو لەسـاڵی ١٩٢٠دا ڕوویـان كـردە گورجسـتان و لەشـاری "تفلـیس" نیشـتەجێ بـوون و ملیـان دایەڕەنجبـەری و بـاوكی لـە١٩٢١دا كـۆچی دوای كـرد و پـەروەردەكردنی ئـەو كـوڕە ١٢ سـاڵییە كەوتـە ئەسـتۆری دایكـی و هـەر لـەو سـاڵەدا لەقوتابخانـەی "هـاگۆب گازاریـانی"ی ئەرمـەنی ناسـراوبە"لازۆ" دەسـتی بەخوێندن كرد و ئەو زانایەبەپیتی لاتینی ئەرمەنی فێری كورد و ژنەكەشی زمانی ئەرمەنی فێركرد .

قـەناتی كـوردۆ لەسـاڵی ١٩٢٨دا خوێنـدنی سـەرەتایی لـەو قوتابخانـە تایبەتیـە تـەواو كـرد و لـەكۆلیژی كارگـەران لەشـاری لینینگـراد وەرگیـراو لەسـاڵی ١٩٣١دا ئـەو كـۆلیژەی تـەواو كـرد، كەبەرامبـەر قۆنـاغی ناوەنـدی و ئامـادەیی بـووەو لـەكۆتایی ئـەو سـاڵەدا قـەنات و دوو هـاوڕێی كـوردی كـۆلیژی زمانەوانـەی زانكـۆی لینینگـراد وەرگیـران و لەسـاڵی ١٩٣٦دا خوێنـدنی تـەواو كـرد و بڕوانامـەی دیپلـۆمی وەرگـرت و هـەر ئـەو ساڵەلەبەشـی دوكتـۆرا وەرگیـراو لەسـاڵی ١٩٤١دا خوێنـدنی بـاڵای تـەواو كـرد و بڕوانامـەی دوكتـۆرای وەرگـرت و لە پـەیمانگای ئەسنۆگرافیای ئـەكادیمیای زانسـتی سـۆڤیەت دامـەزراوە، دوای ماوەیەكی كەم نێردایە"فابریقەی شەفەقی سوو" تا مانگی شوباتی ١٩٤٢ .

دوكتۆر قەناتی كوردۆ لەساڵی ١٩٤٥دا بووە ئەندامی پارتی كۆمۆنیستی ڕووسیا و لە پاش جەنگ بوو بەمامۆستای زمانی كوردی بەخوێندكارانی بەشی ئێرانی دەگوتەوە .

لەسـاڵی ١٩٤٧ەوە تـاكو ١٩٦٠ سـكرتێری لیژنـەی ناوچـەی پـارتی كۆمۆنیسـتی پەیمانگـەی ڕۆژهـەڵاتناس بووەلـەو شـارەی لینینگـراد دا تـاكو سـاڵی ١٩٥٨ قـەناتی كـوردۆ و ئیسـحاق تسـوكەرمان و مارگریت ڕودینكـۆ خـەریكی كوردناسـی بـوون لەبەشـی ئێرانـی پـەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسـی و لەسـاڵی ١٩٥٨دا بەشـی كـوردی بەیارمـەتـی یوسـف ئـۆربێلی سەرۆكی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناس جیاكرایەوەو بووەبەشێكی سەربەخۆ .

لەسـەرەتادا ئـۆربێلی خـۆی بـووە سـەرۆكی، بـەڵام لەدوایییـدا دوكتـۆر قـەناتی كـوردۆ بەسـەرۆكی بەشـەكەهەڵبژێردرا. ئـەوەی شـایانی گوتنیشـە دوكتـۆر قـەنات لەسـاڵی ١٩٦٨دا بڕوانامەی دوكتۆرای "ناووك" واتە دوكتۆرای زانستەكانی وەرگرت و پلەی زانستی بووەتە پرۆفیسۆر.

تـاكو ڕۆژی كـۆچی دوایـی لـە٣١.١٠.١٩٨٥دا وەك سـەرۆكی بەشـی كـوردی و زانایـەكی مـەزنی كـورد و كوردناسـێكی دڵسـۆز و لێهـاتووی نەتەوەكـەی خزمـەتی زمـان و وێـژەی و مێژووی كوردی كرد .

هەندێ لەبەرهەمەكانی :

پرۆفیسۆر قەناتی كوردۆ گەلێك بەرهەمی بەنرخی نووسیوەو بڵاوكردۆتەوە لەوانە :

١- تەحویری مێژووی كورد لەزانستی مێژووی بۆ ڕجوازیی فارس - ساڵی ١٩٥٤
٢- خەپاتۆر ئابۆڤیان وەكو كوردناس و ئەسنۆگراف - ساڵی ١٩٥٥
٣- بیروباوەڕی ناڕاست لەبارەی زمانی كوردییەوە- ساڵی ١٩٥٥
٤- كورد لە پەرتووكی "نەتەوەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" - ساڵی ١٩٥٧
٥- فەرهەنگی كوردی - ڕووسی "شێوەی كرمانجی باشوو" - ساڵی ١٩٨٣
٦- پەرتووكی ڕێزمانی كوردی - ڕەوان - ساڵی ١٩٥٦
٧- ئەحمەدی خانی و بەرهەمی وێژەیی
٨- دروستبوونی وشەلەزمانی كوردیدا
٩- كوردی سۆڤیەت لەوێژەیی كوردی دەرەوەدا
١٠- بیروباوەڕی قارەمانیەتی لەبەرهەمی وێژەی ئەحمەدی خانی



پرۆفیسۆر قەناتی كوردۆ لەگەڵ ڕووناكبیرانی كورد لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری لێنینگراد

سەرچاوە: ماڵپەڕی خۆزگە

# کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان

## بەشی شەشەم

## بەشی یازدەهەم: "ئاکامی گشتیی مەسەلەی کورد"

## ٢- کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا

نووسینی: حوسێن مەدەنی

### ستراتیژی دەوڵەتە گەورەکان پاڵپشتی ناسیۆنالیزمی حاکم

دوو دەوڵەتی ئیستعمارگەری ئینگلیس و فەرانسە بە داهێنانی تێزی دەوڵەت – نەتەوە،سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر لە شووره‌وی و کاردانه‌وه‌ی تێزی لینین بۆ پشتگرتنی بورژوازیی میللیی وڵاتانی جیهانی سێهەم بوونە هۆی ئەوە ناسیۆنالیزمی عەرەب و تورک زۆر خێرا گەشە بکەن. دەوڵەتە بە هێزەکان و دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکان بەرژەوەندیان لێک گرێدرا.کاردانەوەی ئەو وەزعییەتەش پەرەگرتنی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی لە سەرانسەری کوردستان دا بوو، ئەویش دوو لاڕا؛ جیهانی و ناوچەیی پەلاماریان دا.




"سمکۆ" لەو ڕێبەرە کوردانە بوو،زۆر دەخۆی نووسا،عەتفی دەوڵەتی ئینگلیس ڕاکێشێ، بەڵام لەو تاقیکاری یەدا تێ شکا."سمکۆ" دوای ئەوە هومیدی بە ئینگلیس نەما، پێوەندی بە سۆڤیەتەوە گەت؛ حاز بوو لە بەرامبەر پشتیوانیی دەوڵەتی سۆڤیەت دا، کوردستان رزگار بکا و بیخاتە رێژ سێبەری ئەو کەمپە."سمکۆ" لەو کارەش داسەر نەکەوت. چۆنکە لەو گێژاوە سیاسی یە و، ئەویش لە نێو سێ سنووران دا بێ نەوا مابۆوە، سەری لێ ئەستوور ببوو، هێچ رێگایەکی تری بۆ نەمابۆوە. ئەو وەزعە ناچاری کرد لە مەجبووریان خۆی تووشی داوێک بکا کە رەزاشا بۆی نابۆوە. عەیبی سمکۆ ئەوە بوو کورد بوو، لە شاخ و داخی کوردستان گیرسابۆوە، لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی تەماح وەبەر هیچ دەوڵەتێک بنێ،قسەی نەدەرۆیشت،دەنا لە عەقڵ و شعوور و زرینگی و سیاسەت دا هیچی لە رەزاخان کەمتر نەبوو، فەرقیان هەر ئەوەندە بوو،"سمکۆ" بێ پشت و پەنا بوو، بەڵام ئینگلیس و سۆڤیەت لەسەر خۆ نیزیک کردنەوەیان لە رەزاشا کێ بەرکێ یان بوو.

هەرچی زەمان دەگوزەرا، مەسەلەی کوردیش بە گرێ و گۆڵتر دەبوو، جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی لەهەر پارچەیەک دا رووی دابا، وەک ئەوە وابوو کە لە هەموو پارچەکان رووی داوە.فەرقی پێ نەدەکرا. بەهەمووان تێی رۆدەهاتن.کاتێک پێشەوا قازی دوای برانەوەی شەڕی دووهەمی جیهانی، کۆماری کوردستانی دامەزراند،هەرچەند کۆمارەکەش لە نێو بەشێک لە خاکی کوردستانی ئێران دامەزرابوو،خودی پێشەواش لە چوارچێوەی قانوونە ئەنجوومەنە ئەیالەت و ولایەتەکان دا مافی کوردان بچەسپێنێ،کە چی ئینگلیس و عێراق و تورکیا،تەنانەت لە دەوڵەتی ئێرانیش بۆ رووخانی کۆماری کوردستان پشوو سوارتر بوون و پێکەوە گەڵاڵەی هاوبەشیان بۆ تێکەوە پێچانی دادەرشت. بێجگە لەمانەش دەوڵەتی ئێران بۆ کۆنترۆڵ کردن و تەنگەبەر هێشتنەوەی ژینگەی کۆماری کوردستان دوو سەرلەشکر و دوو تیپی لە شاری سەقز دانابوو؛تالە نیزیکەوە پلانی هێرش بۆ سەر کوردستان دارێژن.هاوکات لە گەڵ ئامادە باشی ئەرتەشی ئێران هەواڵنێری "رویتر" لە بەغدا رایگەیاند،عێراق دوو بەش لە سێ بەشی هێزی هەوایی و چوار لەشکری ئەرتەش وحەوت هەزار ژاندارم و سێ هەزار چەکداری کوردی، هێناوەتە سەر سنووری ئێران و عێراق.هەموو شوێنە حەستەمەکانی ئەو ناوچەیان داگرتبوو.لەسەر پێشنیاری دەوڵەتی عێراق کە خوداسا سیاسەتی دەوڵەتی ئینگلیسی دیکتە دەکردەوە،دوای ئەوەی سێ قۆڵی پەیمانی نیزامیان بەست، بەهاوکاری یەکتر سەرانسەری کوردستانی ئێران وعێراق و تورکیایان لە ژێر چاوەدێری توندی خۆیان دا راگرت.

هەڵویستی رەسمیی سێ دەوڵەتی هاوپەیمان،(سۆڤیەت،ئینگلیس و ئامریکا)لەسەر ئەوە لە دژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوون،قسەی تێدا نەبوو.هەرسێکیان لە بەرامبەر رێزلێنان لە سەروەریی خاکی ئێران دا بە قەرا یەک بەرپرس بوون. پێشەوا لە چاو ئەو لەندەهۆرانە لوتکەوانێک بوو لە نێو ئوقیانووسێکی خرۆشاو دا سەوڵەی لێدەدا!!. لەوە بترازێ. کەم و کۆری یە سیاسیەکانی پێشەوا زۆر لەوە لەڕتر بوون، کۆماری کوردستانیان پێ رووخابا. هیچ دەوڵەتێک فریای کۆماری کوردستان نەهات.لە حالێکدا دەوڵەتە گەورەکان بۆ نفووز پەیدا کردن لە نێو ئێران و دامەزراندنی پێوەندیی دۆستانە و پشتیوانی کردنیان لە حکوومەتی حەمەرەزاشا، بەرۆکی یەکتریان دادەدڕی.

### د.چارە نووسی ناسیۆنالیزمی کورد

کۆی هۆیەکانی شکستی شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان هەمووی ناگەرێتەوە سەر رۆلی مێژوویی رێبەرەکانیان. ئاماژەشمان بەو فاکتۆرانە کرد کە رێبەرانی شۆڕش بە تایبەتی لە رێکخستن و مودیرییەت و جیهانی بینیی سیاسی یان دا کەم و کۆریان هەبووە.بێ لەمانەش سێ عامیلی سەرەکی وەک: "هەلکەوتی جوغرافیایی" و "سورشتی شاخاویی کوردستان" و ناتەبایی وەزعییەتی ستراتیژیکی "کوردستان"، چەرخی کارەساتی مێژووی کوردستانیان بە زیانی خەڵکی کوردستان خولاندۆتەوە.

**هەلکەوتی جوغرافیایی:** هەر لە کۆنەوە بۆ دانیشتوانی کوردستان مایەی نەگبەتی بووە.هەر شەڕ و هەڵاو بەزمێکی لە نێوان ئیمپراتورانی رۆژهەڵات ورۆژئاوا و باشوور و باکووری گۆی زەوی دا رووی دابا ولە باشووری رۆژئاوای ئاسیا دا پێکەوە تێک گلابان، کوردستانیان بە پانەوە وەبەر خۆدەدا و لە پەروپۆیان دەخست ولە ماڵ و حالیان دەکرد و سەروەت و سامانی وڵاتەکەیان لێ بە تاڵان دەبرد. بە واتایەک یاسای ژیانی ئاسایی خەڵکی کوردستانیان لە شەر و کوشتار و وێرانی داساغ کردەوە. بە هۆی نەبوونی ئەمنیەت و ئاسایش، مێشکەکان نەدەحەسانەوە، نبووغ و ئیستیعدادەکان لە خزمەتی گەشە کردنی کۆمەڵ دا ئەو جۆرەی کە پێویست بوو گەشەیان نەکرد. کۆمەڵ لە قۆناغی خۆیدا پەروەردە نەکرا و بەرەو پێش نەچوو، وڵات هەروا خاپوور مایەوە، ئاوەدانی ژیانی شارستانی یانە زۆر درەنگ رەنگ و روخساری کوردستانیان گۆڕی و لە کاروانی پێشکەوتن بەجێ ما.

لە بوارێکی دیکەشەوە کوردستان چۆنکە پاڵی وەدەریا نەدابوو، زیانێکی قورسی بە دانیشتوانی گەیاند و لەسەر دواکەوتوویی کوردستان و دامەزرانی حکوومەتیکی سەربەخۆی کوردی

شوێنی دانا. خەڵکی کوردستان لەبەر ئەوە دەستیان بەدەریای ئازاد ڕانەدەگەیشت، نەیاندەتوانی ڕاستە و خۆ لە گەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو پێوەندی بازرگانی دامەزرێنن. ئەمەش بووە هۆی ئەوە ڕەوتی سەرمایەداری لە کوردستان بە لاوازی فرچک بکری شێوەی بەرهەم هێنان لە ئاژەڵداری و کشت وکاڵی سوننەتی نەترازێ. خەڵکی کوردستان لە بازەرگانی دا دەست و پەل بەستراو بوو.

لە ئاڵووێری شتومەک و فرۆشی بەروێوی وڵاتەکەیدا سەربەست نەبوو بەمیلی خۆی مشتری بدۆزیتەوە. موحتاجی دەستی بازەرگانان و بازاری وڵاتانی دراوسێ بوو. بەتایبەتی دوایی دابەش کردنی کوردستان، سیستمی ئابووری کوردستان لە بەسترانەوەی زۆرەملانەی بە نیزامی سەرمایەی حاکم دا بەجۆرێک پەرپووت ببوو ئیمکاناتی "بالقوە" و کانگا ژێرزەوی یەکان لە خزمەتی مودنیزە کردنی سیستمی دەوڵەت – نەتەوە دا ڕاگیران. کێشانەوەی سەروت و سامان بۆ دەرەوە و هەزاران بایی کردنی بەرهەمی کوردستان، بووە هۆی ئەوە ژیان و گوزەرانی خەڵک لە شۆرزەیی و دواکەوتوویی دا بمێنێتەوە.

کوردستان وڵاتێکی شاخاوی پان و بەرینە، وێرای ئەوە کە سروشتێکی سنووور دا ئەو وڵاتەی لە وڵاتانی دەوروبەری خۆی جیا کردۆتەوە، بەو حالەش ملی بۆ یەکگرتوویی نیشتمانی ڕانەکێشاوە. خاکی کوردستان لە نێو مەڵبەندی جۆراوجۆردا خەملاوە،ڕووبار و چیا و دۆڵ و دەرە، هۆکاری سەرەکیی دروست بوونی ئەو مەڵبەندانەن. هەر مەڵبەندەی هێندێک کەرەسەی خۆیی تێدا ڕسکاوە، لە کۆمەڵێک ئینسانی هاوخوێن، سەدان هۆز و عەشیرەت سەریان هەڵداوە و لەو مەڵبەندە دا حاواوانەوە.لە ڕەوتی سەرهەڵدانی حاکمییەتی خۆی جێی لە نێوبەندەی مەڵبەندەکان دا، نیزامی میرایەتی شکڵی گرتوە. زەمانێک وای لێهاتوە کوردستان لەنێو زیاتر لە پەنجا میرنشین دا دابەش کراوە. هەر میرەی لە جێی خۆیدا پاشایەک بووە، سەری بۆ هیچ پاشایەکی تر دانەنواندوە. لە نێو میرانی کورد دا، تەنیا ئەمیر بەدرخان یان لێ هەڵکەوت کە سنووری میرایەتی یەکەی بەزاند و بە لێک گرێدانی میرانی کورد خەریک بوو دەوڵەتێکی فیدراڵیی کورد لە میرنشینەکانی دابمەزرێنێ. بەڵام هێرشی سوپای عوسمانی و پیلانی دەوڵەتان دەرفەتیان پێ نەدا. بە کورتی وڵاتی شاخاویی کوردستان لە لایەک و پەرەگرتنی حاکمییەتی سوننەت ناژوی نیزامی میرایەتی، کۆمەڵێکیان تەئسیراتی گیانی و فەرهەنگی ڕەگەڵ خۆ هێنا، نەیانهێشت یەکگرتوویی نیشتمانی و حاکمییەتێکی ناوەندی – میللی لە نێو خاکی کوردستان دا گەشە بکا و ئاواتەکانی ئەحمەدی خانی وەدی بێنن.

جۆنییەتی هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستان، لەیەنی جیهانیی ستراتیژی کوردستانیشی نالەبار و ناقۆڵا کردبوو؛ کوردستان چەند سەدەیە لە بەر پێی سیاسەتی ستراتیژیکیی دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهان لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دا دەتلێتەوە. کوردەکان کراونە قۆچی قوربانیی سات و سەودای درێژخایەنی دەوڵەتە بەهێزەکان لەو ماوە دوور و درێژە دا کوردەکان هەرچیکردیان و ڕستیان، تێیدا ڕەنجەڕۆ بوون و ریسەکانیان لێ کردنەوە خوری. تەقدیراتی ستراتیژیکیی دەوڵەتان، ڕاوتەکبیر و خۆماندوو کردنی کوردەکانی لە سەر دابین کردنی کیانێکی سیاسی کردۆتە هیچ.ئەگینا دەبێ لەوە دڵنیا بین ئەگەر، بەشێکی خاکی کوردستان بە لێواری دەریای ئازادەوە نووسرابا، قەت داستانی ژیانی سیاسی کوردان ئەو وەزعە نەدەبوو کە ئێستا تێیدا دەژی.

بەدوای دابەش بوونی کوردستان لە خێر و بەرەکەتی سازبوونی پرۆسەی "دەوڵەت – نەتەوە" دا ستەمی میللی سەری هەڵدا. حاشاکردن لەهوویەتی میللیی کورد لە لایەک و بەرەنگار بوونەوەی کوردەکان بۆ پاراستنی هوویەتی میللی یان لە لایەکی ترەوە، مەقوولەی دیالکتیکی "تیز و سەنتێز" بوون، هاوکات لە بەرامبەر یەکتری دا قوت بوونەوە.

ئەو بێ عەداڵەتی و نابەرابەری یانەی بەسەر کوردستانیان سەپاند، زەمینەی یەکگرتوویی نیشتمانی و نەتەوەیی یان لێ بزر کرد. نەتەوەی کوردیان لە جەستە و توێلکی خۆی هێنادەر،ڕەنگیان بەروویەوە نەهێشت. ئیدعای ئەوە کە لە بەینی کورد و نەتەوەی حاکم دا هیچ جیاوازیەک نییە، تەنیا لە خزمەتی بەهێزکردنی نارمانی دەوڵەتی ستمگردا، چەوسانەوەی نەتەوەیی کوردەکانیان تێدا خێراتر کرد.بە دابەشبوونی کوردستان بەتەما خۆی تیکەوت. ڕێکخراوی سیاسی خۆی پێک هێنا، دروشمی تایبەتی خۆی هەڵگرت، لە خەباتی نەتەوەیی دا تاک و تەریک تێیدەکۆشا. ڕووکردن لە شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی، بە مانای هەڵبران لە ژیانی ئاسایی بوو. بە دوور لە شار، شاخ و پەناگاکان بوونە ناوەندی کۆڕی شۆڕشگێڕەکان. شۆڕشەکان بەرگەی گەمارۆی ئابووری دەوڵەتەکانیان نەدەگرت. لە درێژخایەن دا ڕێبەرانی شۆڕشەکان ناچار دەبوون لە ژێر تەئسیری تەنگژەی خەبات دا قودسییەت و بێ گەردی وەلانێن و خۆیان بە یارمەتیی ماڵی و تەداروکاتیی وڵاتانی دراوسێ هەڵپەسێرن. بەسترانەوەی ماڵی، بە ناچار هێندێک بەسترانەوەی سیاسیشی بە دوای خۆی دا دێنا. لەو حالەتە دا خەباتی نەتەوەیی، ڕەسەنایەتی یەکەی لێ کەم ڕەنگ دەبۆوە. دەوڵەتانی حاکم بە گوێرەی بەرژەوەندی یان بۆ ماوەیەک بێشکەی شۆڕشەکانیان لەگەڵ دا ڕادەژاند و کۆرپەکەیان دەلاواندەوە. لە توند و تۆڵ کردنی خەتی پشتی جەبهە دا یارمەتیی شۆڕشگێرانیان دەدا. دوایی هەر ئەو دۆستەکانی یانە لێ یان ڕاست دەبوونەوە، سات و سەودایان لەسەر دەکردن. خەتی پشتی جەبهەیان لێ دەشێواندن. لە لایەکی تریشەوە شۆڕشگێرکان لە بەرامبەر تێکنۆلۆژیی نیزامی و دیپلۆماسییەتی کارای دەوڵەتی سەرکوتگەر دا تاقەتیان نەدێنا،سەرەنجام شۆڕشە چەکداری یەکان تێک دەشکان و لە پێناو بەرژەوەندیی کێشەی دەوڵەتان دا دەتوانەوە.


لەهەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی داردستان دەسووتێنرا، ماڵی خەڵک وێران دەکرا، ژێنۆساید نوشتەیەک بوو بە بەرۆکی خەڵکیانەوە هەڵ دەواسی. کاردانەوەی سەرکوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی لە کوردستان میلیتاریزم و سەرکوت و ئیستبدادی سەرانسەریان لە گەڵ خۆ هێنا. نیزامە حاکمەکان، خسڵەت و ماهییەتی دژی گەلی یان هەڵێنا، نەک هەر ئازادیخوازی کورد و ڕێکخراوە سیاسی بە کوردی یەکان وەبەر لافاوی هێرش دەکەوتن. بەڵکوو شالاوی سەرکوت هەموو ئەو ئازادیخواز و ڕێکخراوە سیاسی یە سەرانسەی یانەشی دەگرتەوە کە بۆ دابین کردنی ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەلایەتی لە وڵاتەکانیان دا تێدەکۆشان. دەرەتانیان بە هێچ خاوەن نەزەر و نووسەرێک نەدا زمان و قەڵەمیان لە دژی زوڵم و ڕۆرداریی دەسەلاتداران وەگەڕ بکەوێ.

بەرژەوندیی ستراتیژیکیی وڵاتانی بەهێز و دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکان لە ئاستی سەرکوت کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد. لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا لێک بەسترابوون.بە جۆرێکی وەهای مەسەلەی کوردیان کردە گرێپووچکە، کە بێجگە لە خۆیان بەدەستی کەسی تر نەکرێتەوە. بارودۆخی داسەپێندراو بەسەر کوردستانیان بە بەشێکی گرینگ لە ستراتیژیی هاوبەش دانابوو.ئەگەر دەوڵەتێکی حاکم لە شەری نێوخۆیی کوردستان دا تووشی کەنەفتی و قەیرانیش بووبا بۆی نەبوو لە خۆیەوە لەنگەرەکە تێک بدا و ئیمتیارێک بۆ کوردی وڵاتەکەی قایل بێ.جیهانی دوو قوتبی لە کێشەی کورد و شەڕە نێوخۆیی یەکان دا قازانجێکی زۆریان پێ بڕا. بازاری فرۆشی چەک و تەقەمەنیی ئیقلیمی یان گەرم داهێنا، ئەرتەشەکانیان بە تێکنۆلۆژیی نیزامی تەیار کردن. پەیمانی "سعدآباد" و دواتر ناتۆ و سینتۆ، حالەتی هەمیشە نائاسایی یان بەسەر مەڵبەندی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دا زاڵ کرد هەرکات دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکان بۆ ماوەیەک لە سەرکوت و هێرش بۆ سەر کوردستان دەبوونەوە، ئەمجار هەر ئەو دەوڵەتە ناسیۆنالیستانە بە دنەدانی زلهێزەکان ددانیان لێک دەچێرەوە دەبرد و حالەتی ئامادەباشی نیزامی یان لە هێڵی سنوور[خاکی کوردستان] ڕادەگەیاند.جار و باریش ئامبازی یەکتری دەبوون. لە سەرانسەری سەدەی بیستەم دا ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بە یەکێک لە پڕ کێشەترین ناوچەکانی جیهان دەژمیردرا. بە کورتی لە جیاتی ئەوە بە هەموان ڕێگا چارەیەکی عادلانە و ئاشتیانە بۆ مەسەلەی کورد بدۆزنەوە و ناوچەکە هێور کەنەوە،مەسەلەی کوردیان کردە خوێنی سیاوەش و ناتۆیەکی بەهێز بۆ ئیمتیاز لێک وەرگرتن و کرانەوەی بازارێکی پڕسوودی کڕیار و فرۆشی کەرەسە نیزامی کان.

سەرچاوە Serchawe

به وەبەرچاو گرتنی ئەو خالە لاوازانەی باسیان لێکرا، دیسانیش نەتەوەی کورد لە ئاست گێرە و کێشەکان دا ئۆرگانیزمێکی بێ هەست و گیان و، لەشێکی داوەشاوی گنجاو نەبوو. سنوورە سیاسی یەکان ئەو دیوارە کونکرێتە نەبوون کە خەڵکیان لێ نەپەرێتەوە و بۆ هەمیشە پارچەکانی کوردستان لێک دابیرێنێ. هۆز و خزمانی سەر سنوور بەردوام ئەم دیو و ئەو دیو و گەرمین و کوێستانیان دەکرد. بازرگانانی کور بە قاچاخە رێیان دا پێکەوە سەودای هەمیشەیی یان هەبوو. بەشی بەرچاوی بازارەکانی کوردستان لە رێگای قاچاخچیەتی یەوە گەرم دادەهات.فەقێ و مەلا و رووناکبیر یەکبین لە نێو ناوچەکانی کوردستان دا لە هاتوچۆ دا بوون. زیارەتکەران لە هەموو لایەک ڕابەرەو خانەقای "شەمزینان" و "تەوێڵە" و "بیارە" و "بورهان" و "خەلان" و زینوێ شێخی"،ریچکەیان دەبەست و سنووریان دەبەزاند. لەو نێوەدا رێبەرانی کورد،لیبراوانە و نەبەردانە بۆ لێک گرێ دانەوەی هەودا پساوەکانی ناسیۆنالیزمی کورد و بەهێز کردنی وەخۆ کەوتبوون. "شێخ عبیداڵا" و "عبدولرزاق بەدرخان" و "سمکۆ" و شێخ مەحموود" بێ ئەوەی پەکیان بە سنوورەکان بکەوێ،پێوەندی و هاوکاری یەکی زۆر دۆستانە و دڵسۆزانەیان پێکەوە هەبوو. سەرۆک عەشیرەت و نیشتمانپەرەرانی مەڵبەندی سەقز و سنە و کرماشان وەکوو "سەردار رەشید" " مەحموود خانی دزڵی" "مەحموودی کانی سانانی: راستەوخۆ پێوەندی یان بە حکوومەتی "شێخ مەحموود""ەوە هەبوو. حکوومەتەکەیان بە هێ خۆیان دەزانی، بەگیان و بە ماڵ خزمەتیان دەکرد.ئەگەر رەزاشا لە پشتەوەڕا خەنجەری لە "ئیحسان نووری پاشا" و شۆڕشی ئاڕارات داوەشاند، مەڵبەندی بارزان ببوو بە مەکۆی پەنابەرانی ئاڕارات. لەو شەڕی دووهەمی جیهانی دا "مستەفا بارزانی" و هاورێکانی بێ باکانە هێڵی سنووریان بڕی و لە کۆماری کوردستان دا ستوونی فەقەراتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان پێکەوە نا و پشتیان قایم کرد.لە کۆمەڵی کوردەواری دا ببو بە رەوتێکی ئاسایی.

بەشێک لەو فاکتۆرانەی( ژ – ک )یان دامەزراند و هێمن و هەژاریان لە بۆنەی کوردایەتی قاڵ کردەوە و ئەوانی گەیاندە لوتکەی ئەدەبیان و شاعیرانی نەتەوەیی، حاسل و بەرهەمی حیزبی هیوا و رووناکبیرانی دیوی گەرمین بوون. مامۆستا هێمن پەنجە بۆ ئەم راستی یە ڕادەکێشێ و دەڵێ:




"دەبێ بڵێم من دەستکردەی ئەحمەدی فەوزیم... ئەو هەڵیوەشاندمەوە و تێکی هەڵشێلام و سەرلە نوێ دروستی کردمەوە... بێگومان ئەگەر نەچووبامە خزمەتی فەوزی و لای ئەو مامۆستایەم نە خوێندبا، رێبازی ژیانم ئەم ریبازە نەدەبوو کە گرتم و پێی دارۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە.ئەو تێی گەیاندم من رۆڵەی کوردم و کوردیش نەتەوەیەکی بێ بەش و چارەرەش و زۆرلێکراوە... بەڵام سوێندی دام قەت بە فارسی شێعر نەڵێم و هەتا بۆم دەکرێ بە کوردی بنووسم".

دامەزرانی "پارتی دێموکراتی کوردستان"یش لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی دا، ئاکامی تێکۆشانی سیاسی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" و پشتیوانی بارزانی لە دەسکەوتەکانی "کۆماری کوردستان" و رەنگدانەوەی سیاسیان لە ناو شۆڕشگێران و رووناکبیرانی کوردستانی عێراق دابوو.

دیاردەی ناسیۆنالیزمی کورد، هەر چەند ئەو دابەشبوونەی دا زۆریش زەرەرمەند بوو، دیسانیش هەتڵە نەبوو،لەسەر پردە و پێشینەی خۆی دانەبڕا، لە نێو سنووری سیاسی هیچکام لەو وڵاتانە دا کوێر نەبۆوە و، تێیندا نەتواوە؛ بەڵکوو لە ئاستی ستمە نەتەوەیی یەکان کە کاردانەوەی دەوڵەتانی مودێرن بوو، ناسیۆنالیزمی کورد زیاتر گەشایەوە و لە جارانیش بە گوڕ و تین تر هاتە نێو کوورەی خەبات.هەتا زەبری قەمچی زۆڵم و ئیستبداد بە تەوژمتر دەبوو، کاردانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیش بەهێزتر خۆی نیشان دەدا.ناسیۆنالیزمی کورد هەرچەند لە نێو گەردەڵوولی بێ دەسەڵاتی و بێ دەوڵەتی دا بە پەرە دەکرا، دیسانیش خۆڕاگر و بەکار ما. لە خەباتی درێژخایەنی رزگاریخوازی دا قۆناخی زۆر تووش و حەستەمی بڕی. زۆر جاران هاتە هەڵدێرگەی نەمانیان دەرەتاند. بەوحالەش وەکوو فیزوو سەری هەڵداوە و رەگ و ناژۆیی دەکرد و پیچی تری لێ دەڕوا، درێژەکێشانی خەباتی ناسیۆنالیستی کورد لە سەدی ١٩ و ٢٠ دا بەڵگەی زیبدوو و حاشاهەڵنەگری وزە و توانای خۆڕاگرانەی دینامیزمی ناسیۆنالیزمی کورد بوون. ئەو خەباتە چەکداری یەی دوای شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی بێ پسانەوە و لێکدالێکدا هەموو پارچەکانی کوردستانی داگرت. راست بەمەبەستە بوون، پەتی قەیرانی مەرگهێنەری ستەمی نەتەوەیی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵن و نەیەڵن پێی بخنکینن. لەو نێوەدا رێبەرانی کورد و رێکخراوە سیاسی یە کوردیەکان لەسەر یەک بۆ لێک گرێدانەوەی هەودا پساوەکانی ناسیۆنالیزمی کورد. لە نێو کۆڕی خەبات دا،ئەوەندەی لە وزەیان دابوو، خۆیان ماندوو کرد و ئەرکی نیشتمانپەرەوەری یان بە جێ گەیاند. ئەوە راستە شۆڕشە نەتەوەیی یەکان بە ئاکام نەگەیشتن و پەیتا پەیتا شکستیان بەسەر دا دەهات و، مێشک و دەماری کوردیان تێک داو ولە خۆیان جارز کرد، بەڵام نابێ لە حەقیش بوگزەرێن دەوڵەتەکانیش چیان لە گەڵ کورد پێ نەکرا و بۆیان بە چۆک دانەهات. ئەگەر بە هەموان نەیانهێشت کورد بە مافە رەواکانی بگا، نەشیان توانی بیتوێننەوە و داوای مەفە نەتەوایەتی یەکانی پشگەزی بکەنەوە. نەک هەر نەیاتوانی دەنگی حەقخوازانە و خەباتی رەوای کورد کپ بکەن، بە پێچەوانە مەسەلەی نەتەوەیی کوردەکان وەکوو کێشەیەکی زۆر گەورەی چارەسەر نەکراوی نێو نەتەوەیی، لە مەڵبەندی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا جێی خۆی کردەوە.

درێژەی هەیە...

**هێرشی ئاژەڵێکی دڕندە بەدەستێکی بێ چەک ناگەڕێتەوە (نیلسۆن ماندێلا)**




## بەسەرهاتی جووجەلەیەکی وون بوو

نووسینی / حاتەم باتاسی




..رۆژێک مریشکێک لەگەڵ کۆمەڵە جووجەلە جوانەکانی خۆی کە لە گوندێک ژیانیان بەسەر دەبرد وەکو هەموو رۆژانی تر لەماڵەوە دەرچوون بۆ ئەوەی بەدوای بژێوی ژیانو خواردنی رۆژانەی خۆیان بگەرێن . رۆیشتن تا هەندێک لە گوندەکە بەدوور کەوتنەوە، یەکێک لە جووجەلە جوانەکان زۆر تینووی ئەبێت بۆیە هەر لەگەڵا گەرانو سوورانەکە زۆر چاو لە هەندێک ئاو دەگێرێت بۆ ئەوەی بیخواتەوە، بەڵام بێ سوود ئەبێت، هیچ ئاوێک نادۆزێتەوە تا وای لێ هات جووجەلە جوانەکە زۆر بێ تاقەت ئەبێت تەنانەت وای لێ هاتبوو لە رۆیشتن پەکی بکەوێتو لەگەڵا مریشکەکەو جووجەلەکانی تر دوا بکەوێتو لێیان دابرێت . بەداخەوە مریشکەکەو جووجەلەکانی تر بەشێوازێکی ئەوتۆ ملی رێگایان گرتبووە بەر هیچ ئاگایەکیان لەو جووجەلە جوانە نەمابوو، تا وای لێ هات لەیەکتر جیابوونەوە، ئەتوانین بڵێین جووجەلە جوانەکە لەدایکو خوشکو براکانی خۆی ون بوو، لە چۆڵاییەک بێ کەسو بێ تاقەتو تینوو پڕ ترسو لەرز مایەوە .

...هێدی...هێدی...فرمێسکی لە چاوە جوانەکانی دەهاتە خوارەوە، هێندەی پێ نەچوو دوو جووجەلەی لەخۆی بەتەمەنتر رێگایان دەکەوێتە ئەو شوێنە بۆیە لێی دەپرسن:- جووجەلە جوانەکە ئەوە چیت لێ قەوماوە بێ کەسو تەنیاو بێ تاقەتو چاو پڕ لە فرمێسک دیاریت، چی دەکەی لێرە؟! جووجەلە جوانەکەش بەدەنگێکی زۆر نزم لە وەڵامدا بەسەرهاتەکەی خۆی کە چۆن وون بووە بۆ هەردوو جووجەلەکە گێرایەوە، ئەوانیش بەڵێنیان پێدا بە هەموو هێزو هۆشێکی خۆیان هاوکاری بکەن.


..بۆیە یەکێکیان وەک پاسەوان لای جووجەلە جوانەکە ئەمێنێتەوە یەکێکی تریشیان زۆر بەپەلە دەچێت بەدوای دۆزینەوەی هەندێک ئاو کە خۆی هەندێک شارەزایی ئەو ناوەی هەبوو تا ئاوەکە دەهێنێتو لەدەمی جووجەلە جوانەکە ئەکات تا تێر ئەبێت لە ئاو خواردنەوە ئینجا جووجەلە جوانەکە وەکو خونچەیەکی جوان گەشتر ئەبێتەوەو پڕ بە دڵا زۆر سوپاسی هەردوو جووجەلەکانی لەخۆی بەتەمەنتر ئەکات بۆ ئەو هاوکاریو یارمەتیەی کە لەو بارودۆخە ناخۆشە پێشکەشیان کردو بووە هۆی رزگاربوونیەوە. بەڵام جووجەلە جوانەکە هەر هێدی هێدی فرمێسکی لەچاوە جوانەکانیەوە دەهاتە خوارەوە ئەویش بەهۆی ئەوەی کە لەدایکو خوشکو براکانی خۆی جیابۆتەوەو یەکتریان وون کردووە . بۆیە هەردوو جووجەلەکان بەڵێنیاندا زیاتر بەهانای ئەم جووجەلە جوانە بچن تاوەکو ئەو فرمێسکە ناخۆشانەی کە لە چاوە جوانەکانی دەهاتە خوارەوە هەموویان ئەبێتە فرمێسکی خۆشی، بۆیە ئەمجارەیان جووجەلە جوانەکەیان لەگەڵا خۆیان بردو پێکەوە لەدوای ماوەیەک گەرانو سوورانو پرسیار کردن توانیان جووجەلە جوانەکە بە مریشکەکەو جووجەلەکانی تر شاد بکەنەوەو ئەمجارەیان زەردەخەنەی خۆشی سەر لێوەکانی هەر هەموویان بگرێتو توند پڕ بەباوەش یەکتر ماچ بکەن، بەڵێ ئەمجارەیان فرمێسکە تاڵەکانی ناو چاوە جوانەکانیان هەموو بوونە فرمێسکی خۆشی، وە پێکەوە مریشکەکەو هەموو جووجەلەکان پڕ بە دڵ زۆر سوپاسی هەردوو جووجەلەکانیان کرد کە لەکاتی تەنگانەدا بەکەڵکیان هاتن .

## دایەو بابە

لە هۆنراوەکانی / حاتەم باتاسی




ئازیزن بابە و دایە
بیان پارێزی خوایە
لە دڵما خۆشەویستن
بۆ ژیانم پێویستن
هەتیووم بەبێ ئەوان
خۆشیم چەسپاوە بە وان
دایە و بابە هەردەم بۆم
دەسووتێن هەروەکو مۆم
ئەو کاتەی لە ناخۆشیام
ئەوان دەگەنە فریام
مەرج بێ هەتاکو دەمرم
هەمیشە رێزیان بگرم .




سەرچاوە:سایتی کورد کلیک

سەرچاوە Serchawe



# تەندروستی




## موسیقا دەبێتە هۆی چارەسەرکردن نەخۆشی



ڕێبوار حەمەلاو .. بە پێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی "تیلگراف" ،ئەو کەسانەی کە نەخۆشی درێژخایەن یان هەیە یان تووشی نەخۆشی خەمۆکی بوونەتەوە ، بە گوێگرتن لە موسیقا خۆیان چارەسەر بکەن وئێش وئازارەکانییان کەم بکەنەوە.زانایانی زانکۆی " گلاسکۆ کالدونیان" ئێستا لە هەوڵی ئەوە دان لە ڕێگای ەبکارهێنانی زانستی دەروونناسی وئەندازیاری دەنگ کاریگەری موسیقا لە سەر ناخ ودەروونی مرۆڤەکان تاوتوێ بکەن.هەروەها ئەو زانایان لە هەوڵی ئەوە دانە کە بزانن چۆن دەکرێت لە ڕێگای ژمارێک موزیکی تایبەتەوە بتوانن خەمۆکی وئێشە درێژە خایانەکان چارەسەر بکەن.

دکتۆر" دان ناکس " ئەندازیاریەکی دەنگ و کە کار لە سەر ئەو پرۆژەیە ئەنجام دەدات لەو بارەیەوە ووتی، کاریگەر موزیک لە ئەو کەسەی نەخۆشە بە شێوەیەکە کە ناکرێت باوەر بکەین وئێمە لەو باوەرە داین کە موسیقای توندیش دەبێتە هۆی باشبوونی ڕەوشی تەندروستی نەخۆشەکان.هەروەها ئاهەنگی ئارام دەتوانێت کاریگەری جیاوازی هەبێت.توێژینەوەکان پیشانی داوە کە لە ٧ کەس لە بریتانیا ١ کەسیان تووشی نەخۆشی خەمۆکی بوونەتەوە. بۆیە زانایان هیوادارن لە ڕێگای بەکارهێنانی موسیقاوە کە خەرجێکی کەمتری تێدەچێت چارەسەری خەمۆکی بکەن.

## چەند خواردنێک بۆ دابەزاندنی ڕێژەی کۆلسترۆل




کۆڵسترۆل دوو جۆری هەیە و جۆرێکیان زیانبەخشە بۆ مرۆڤ، چەند جۆرە خواردنێک سوودیان هەیە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کۆڵسترۆل لە لەشدا، کە مرۆڤ دەتوانێت سوودیان لێوەربگرێت.

کۆڵسترۆل ماددەیەکە لە ڕەگەزی چەوری و لە هەموو خانەکانی لەش بوونی هەیە و لە دروستکردنی دیواری خانەکانی لەش و دروستبوونی هەندێک هۆرمۆن کاریگەرییەکی زۆری هەیە.

گەردیلەکانی چەوری لە سیستەمی خوێنبەری دوای وەرگرتنیان لە کۆئەندامی هەرس، بە هۆی کۆلسترۆلەوە دەگوازرێنەوە، بەشێکی زۆری کۆڵسترۆل لەناو لەش و بە هۆی جەرگ دروست دەبێت و بەشێکی دیکەی لەگەڵ خواردنە پڕ کۆلسترۆلەکان دەچێتە ناو لەش.

هەندێک خواردن هەن ڕێژەی کۆلسترۆلی خوێن دادەبەزێنن، *ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو خواردنانە:*

*پرتەقاڵ:* ماددەیەکی تێدایە بە ناوی (پەکتین) کە کۆلسترۆلی خوێن دەدادەبەزێنێت.

*شوفان* (**Oat**) : زۆر کاریگەرە بۆ دابەزاندنی کۆلسترۆل.

*نۆک و نیسک:* بە ڕێژەیەکی زۆر ریشاڵیان تێدایە و جێگرەوەیەکی باشن بۆ پرۆتینی ئاژەڵی.

*ماسی ساردین:* ئەوجۆرە ماسییە بە ڕێژەیەکی زۆر ئۆمێگا 3ی تێدایە و کە هەموو جۆرە گیرانی خوێنبەرەکان بە هۆی مەیینی خوێن چارەسەر دەکات.

*فستەق:* ئەو خواردنە گیاییە پڕە لە ریشاڵ، ترشی چەوری تێرنەکراو و ئەنتی ئۆکسیدانە تێدایە کە سوودێکی زۆریان بۆ لەش هەیە.

*کاکاو:* چوکلێت و یا خود کاکاو ڕێگرە لە مەیینی خوێن و ڕۆڵێکی باڵایان هەیە لە دابەزینی گوشاری خوێن و کۆلسترۆل.

## ئایا دەتەوێت بزانیت سوودەکانی باینجان چیە ؟



لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا زۆرێک لەخەڵک پێی وایە، باینجان سەرچاوەی تورەبوونە بۆ مرۆڤ، بەڵام توێژینەوەی زانایان پێچەوانەی ئەو بۆچوونە دەردەخات .

توێژەران دەڵێن : باینجان بە سەرچاوەیەکی گرنگی ریشاڵەکان دادەنرێت، هەروەها هاوکارە بۆ تووش نەبوونت بە "قەبەزی" و هەوکردنی "قۆڵۆن" و "بەواسیر".

توێژەرانی بواری تەندروستی چەندین توێژینەوەیان لەسەر باینجان ئەنجام داوە و بۆیان دەرکەوتووە کە بەرگی دەرەوەی باینجان جۆرێک لەماددە دژە ئۆکسیدەکان لەخۆ دەگرێت، کە ڕێگری لەتێکچوون و بێ کەڵک بوونی موخ یا هەوکردنی لەرێگەی بەکتریاوە دەکات.

توێژەران ئاماژەیان بۆ ئەوەش کردووە کە ناوکی باینجان دەوڵەمەندە بە ڤیتامین (B) و هەندێک کانزای گرنگی وەک "بۆتاسیۆم و مز و مەگناسیۆم ومەنگەنیز وفۆسفۆر و ترشی فولیک)، بەمانەش مرۆڤ لەمەترسی تووشبون بە نەخۆشییەکانی دڵ و کەمکردنەوەی هەڵاوسان و خوێن بەربوون و دوسنتاریا بە دوور دەخاتەوە.

هەروەها گرنگیەکی دیکەی باینجان ئەوەیە کە ئەو پۆتاسیۆمەی لەناو باینجاندا هەیە ڕێژەی خوێ لەناو خوێن و رادەی شێ لەناو لەشدا ڕێک دەخات.

*سەرچاوە: سایتی پەیامنیر*

سەرچاوە
Serchawe




# وتەی زانایان



لە دەرەوەی واقیعـەکاندا گشت سیاسەتێک بێ نرخە (شارل دوگۆڵ)

مـیر لە هەموو شوێنێکدا هەیە و هەموو کەسێک دەتوانێت ببێتە مـیر (ژان ژیونۆ)

لەگەڵ خوێندنەوەی گووتارەکاندا دەتوانین لە دایک بوونی فەلسەفەی نوێ ببینین (لیۆ شتراوس)

ئەگەر فێڵباز رەوشتی خۆی باش بکات ئەبێتە گەورە ترین پیاوی جیهان (ئەرەستۆ تالیس)



بیر لە هەموو قسەیەک قوولترە .. هەستیش لە هەموو بیرێک قوولترە (فریدریک نیتچە)

ئەوەی لە هەوڵدان ماندوو نەبێ سەر ئەنجام سەرکەوتوو دەبێ (بتهون)

ئەوەی دەیزانین دڵوپێکە و ئەوەی نایزانین ئوقیانوسیکە (نیۆتۆن)

کەسی زانا کەسیکە کە هەمیشە بیەویت شت فیربێت (رۆسۆ)

ئەوکەسە ئاقڵە کە بزانێ ئەقڵی کەمە ( سوقرات)



هەموشتێک کاتیک زیاد دەبێت هەرزان دەبێت بەڵام زانست تا زیاد بێت گرانترو بە نرختر دەبێت (پەندی چینی)


مێردی چاک ژنی چاک درووست ئەکا (رۆبەرت برتۆن)

ئەوەی هەڵە نەکات، ئەوە شتێکی نوێی تاقی نەکردۆتەوە ( ئەنیشتاین)

کاتێک دەربارەی خۆشەویستی دەدوێیت بە چرپە بدوێ (شکسپیر)

دەرگای چاک پێویستی بە قوفڵ نییە (لاوتزو)

سپیەتی بەفر چاوەکانمان نوقمی تەماشا کردن دەکات (تۆماس پێن)



دەوڵەمەندترین و تایبەتمەندترین جیا کەرەوەکانی مرۆڤ عەقڵە (کانت)




هێزی ئاسایی دەیان ملیۆن کەس لە هێزیکی کتوپڕ مەترسیدارترە (لینین)

هێرشی ئاژەڵێکی درندە بەدەستێکی بێ چەک ناگەڕێتەوە (نیلسۆن ماندێلا)

یەکەمین شت کە ئێمە تێیدەگەین ئەوەیە کە تێی ناگەین (گیرگەکۆر)

لە پێناو دروست کردنی پەرستگایەک دەبێ پەرستگایەکی تر بڕووخێنین (نیچە)

سەرسوڕمان سەرەتای زانست و زانینە (ئەرستۆ)


سەرچاوە Serchawe



# پەندی پێشینیان



مەلا غەفووری دەبباغی



ئەوەی لە پووشێک ئەکۆڵێتەوە
لۆدە کای بەرن، ناپرسێتەوە

بەس لەمە زیاتر خۆت گێل و کەڕ کە!
ئەو ماستە بێ موو نییە، باوەرکە!

خۆشباوەڕ نەبی بەو حەددە چاکە
ئەو هەویرە ئاو زۆر دەبا کاکە!

قەل ئەڵێن لاسای کەوی کردەوە
ڕۆینەکەی خۆیشی لەبیر بردەوە

قەت مەڵێ بوومان، بێژە هەمانە!
نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە

ئەو کەسە دۆستی گیانیگیانیتە
هاوڕێی نەبوونی و لێقەوماویتە

کێ باسی خەڵکی کرد بەلاتەوە
بۆ ئەوان قسەی تۆش ئەباتەوە!

پرس و ڕات نەبێ، ئیشت لە پاشە
سەری بێدەلاک نەتاشی باشە

گێرە چۆن دەکرێ بە بزن، هەژار؟
گاجووتی دەوێ و پیاوی کۆنەکار

منەت لەم و لەو مەکێشە دەمچەوت!
پوڵ بدە و مەلا دەرکە لە مزگەوت!

هەڵە چاوپۆشی لێ دەکرێ، بەڵام
جارێک و دوو جار، نەکو بەردەوام

خۆی لەبۆ ڕاوچی دەکووژێ تاژی
تا کەرێ نەبێ، عاقڵێ ناژی

بە تووند و تیژی کار نابێ مەیسەر
مار بە قسەی خۆش لە کون دێتە دەر

وتیان پشیلە، گووت بە دەرمانە!
دایپۆشی بە خۆڵ ئەو بێویژدانە

نەمدیوە لە ئاش گەرمتر کاسە
مەگەر لەژێریا هەبێ نیوکاسە





# کرۆنۆلۆگی کوردستان

**بەشی شەشەم**

نووسینی نادر فەتحی بۆکانی (شوانە)

**ساڵی ١٥٠٢ دوای زایین**

لە ئێران حکومەتی سەفەویەکان پێک دێ ! کوردستان دەبێتە مەیدانی شەڕی عوسمانیەکان و سەفەویەکان. فارس و تورک پێویستیکی گرینگیان بۆ پشتیوانی خۆیان بە هێزی ئاغاواتی کورد دەبێ ! لەوکارەدا عوسمانەکان لە لایەن ئاغایەکی کورد بە نێوی ئیدریس بتلیسی(وەکو جاش چووتە ناو مێژووی کوردەوە) کە سونی بووە, پشتیوانی کراون . بەشێکی کەمی کوردەکانی شیعەی رۆژهەڵاتی کوردستان، لایەنی سەفەویەکانیان گرتووە. زۆر جاران لەو ماوەیەدا ئیدریس بتلیسی ویستویە دژ بە تورکەکان لایەنی سەفەویەکان بگرێ, بڵام فارسەکان لەگەڵی رێک نەکەوتوون !



لێرەوە رێ خۆش دەبێ بۆ پارچە پارچە کردنی کوردستان لە لایەن هێزەکانی بێگانەوە.

**داگیرکردنی کوردستان لە لایەن دووهێزی گەورەی عوسمانی و سەفەویەوە**

**ساڵی١٥١٤ دوای زایین**

لە کوشتاری چالدران دا عوسمانیەکان بە یارمەتی کوردەکان, سەفەویەکان تێکدەشکێنن. تەواوی کوردستان دەکەوێتە ژێر رکێفی عوسمانی یەکان. کوردە سونیەکان لە رێکەوتی 9.8.1515 لە سەر کاغەز و بەپێی بڕیارنامە خودموختاری تەواویان پێ دەدرێ و لە بەرانبەردا کوردەکان لەکاتی شەڕدا دەبو سەرباز بە دەولەتی عوسمانی بدەن و باجێکی کەم برژێنە سەندوقی دەوڵەتەوە. بە پێی برپیارنامەی نێوان کورد و عوسمانی باجی تیجاری نێو کوردستان بۆ کوردەکان خۆیان دەمایەوە,لە بەر ئەوەی رێگای بازرگانی هاوریشم بە ناو کوردستان دا تێدەپەڕی ئاغاکانی کورد دەبوونە خاوەنی داهاتێکی زۆرباش! ئازادبوونی بازرگانی و ئاسودەکردنی کوردەکان لە لایەن حکومەتی ناوەندیەوە ببوە هۆی هەڵدانی ئابوری و فەرهەنگی. ژمارەیەک ئەیالەت وەکو بۆتان, سۆران, هەکاری, بابان, بازید و بیتلیس پێکدێن کە گەشەکردنی ئابوری و سیاسی بە خۆیانەوە دەبینن. ئەدەبیات, بیناسازی, پیشەگەری دەستی, زانست و بازرگانی پێش دەکەوێ و گەشە دەستێنێ! هاوزەمان لە گەڵ شەڕی ئەو دوو دەولەتە, عوسمانیەکان, علی ئوللەهی-شیعە کانیان دەکوشت و سەفەویەکانیش سونیەکانیان دەکوشت. یاووز سولتان سەلیمی یەکەم لە هێرشێکی کە بەسەر کوردستاندا بۆ ئێرانی کرد, لە ناوچەی سیواس زیاتر لە ٤٠٠٠٠ کوردی علی ئوللەهی لەناوبرد !

**سەدەی ١٦/١٧**

سەرەڕای گەشەکردنی ئەیالەتەکانی کوردستان, بەرگری وەرزێرانی کورد دوای ساڵەکانی١٥١٤ و ١٦٣٩ هەم دژبە زۆردارانی عوسمانی لە ناوچە و هەم دژ بە فئودالەکانی کورد بەردەوام بووە و خوێنێکی زۆر رژاوە !

**ساڵی ١٥٩٦ دوای زایین**

کتێبی مێژوویی شەرەفنامە لەسەر مێژووی کوردستان لە لایەن شەرەفخانەوە شازادەی بیتلیس, کوڕی ئیدریس بتلیسی لەو ساڵەدا دەنووسرێ.

**ساڵی ١٦٣٩ دوای زایین**



لە قەراردادی قەسری شیرین(زوحاب) دا کە لە بەینی عوسمانیەکان و سەفەویەکاندا دەبەسرێ, سنوری ئەو دوو دەوڵەتە لە ناو کوردستان دیاری دەکرێ, بەوجورە بۆ یەکەمین جار بە رەسمی کوردستان دابەش دەکرێ و ئاواتی بە یەکەوە ژیانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا وەدوادەخسترێ !

**ساڵی ١٦٨٣ دوای زایین**

عوسمانیەکان بۆ دووهەمین جار شاری وین(ئوتریش) داگیر دەکەن . لێرەوە دەولەتی عوسمانی بەرەو لاوازی دەروا ! لە سەدەی ١٦ و ١٧ دا دەولەتی عوسمانی لە ئەلجەزایرەوە تا کێوەکانی زاگرۆس و لە یەمەنەوە تا کریمە (باشووری رووسیە)ی لە ژێر دەستەڵاتی خۆیدا گرتبوو!

لە سەدەی ١٧ و ١٨ وە, زۆربەی کارە ئەدەبیەکان لایەنی ناسیونالیستی بەخۆیانەوە دەگرن!

**ساڵی ١٦٨٧ دوای زایین**

قەسری ئیسحاق پاشا لەوساڵەدا لە بازید(دووبایزید) لە لایەن شازادەی کورد ئیسحاق پاشا وە دروست دەکرێ ! ئەوە یەکێک لە ئاسەواری بیناسازی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووە کە هێمایەک بووە بۆ پێشکەوتوویی فەرهەنگی میللەتی کورد !

**ساڵی ١٦٩٥ دوای زایین**

شاعیری مەزن ئەحمەد خانی لە ساڵی ١٦٩٥ شاکاری ئەدەبی مەم و زین دەداتە دەرێ . مەم و زین کارێکی ئەدەبی وێنە جیهانییە.

**ساڵی ١٨١٧-١٨٩٧ دوای زایین**

شاعیری نەتەوەیی و شۆرشگێر, حاجی قادری کۆیی بە شیعرەکانی، کوردەکان بۆ راپەرین دژبە هێزەکانی بێگانەو هەروەها دژ بە فئودالیسمی کورد، هان دەدا. خانی کۆیی زۆرداران و دوشمنانی کورد, بە هێزی خەڵکی دەترسێنێ !

**سەدەی ١٨ - ٢٠**

لە ئێران سەڵاڵەی قاجارەکان زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ حکومەت دەکەن !

وەختایەک حکومەتی عوسمانی لە نیوەی ئەوەڵی سەدەی نۆزدەدا بە هۆی پێشکەوتنی ئوروپا لە باری سەنعەتی و زانستی و تیکنیکی وە هەر وەپاش دەکەوێ, لە باری ماڵی و سیاسییەوە فشارێکی گەورەی دێتە سەر, حکومەتی ترک بۆ ڕاگرتنی خۆی فشارەکە بۆ کوردستان دەگوێزتەوە کە ئەوە بووە هۆی بەرگری کوردەکان دژبە سیاسەتی عوسمانیەکان. ئەوبەرگریانە لە ساڵەکانی ١٨٣٠ و ١٨٨٠ بە ئەوپەڕی خۆی دەگا کە دەکرێ ئەوە بە هەوەڵین جووڵانەوەی ناسیونالیستی بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی سەربەخۆ دابنرێ !

**ساڵی ساڵی ١٨٠٦- دوای زایین**

سەرچاوە Serchawe

هەوەڵین بەرگری گرینگی سەدەی ١٩ بەرگری بابان ساڵی ١٨٠٦ بە سەرکردایەتی عەبدولرحمان پاشا بووە . ئەو فەرمانروایییە کە پێتەختەکەی شاری سولیمانی بووە یەکێک لە پێشکەوتوترین وڵاتەکانی باشوور بووە. زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی رۆژهەڵات ئازاد کرابوون بەڵام دوای دوو ساڵ لە لایەن هێزی پێکهاتووی عوسمانی-کورد(ئاغاوات) تێک دەشکێندرێن و داگیردەکرێنەوە !



ساڵی ١٨١٢- دوای زایین

بەرگری بابازادە ئەحمەدپاشا لە موسل.

ساڵی ١٨٣٠- ١٨٣١ دوای زایین

بەرگری یەزیدیەکان لە هاکاری,

بەرگری جزیرە بدریخان لە بۆتان,

بەرگری بیتلیس شەرەفخان لە بیتلیس.

ساڵی ١٨٣٣- ١٨٣٧ دوای زایین

میر محەمەد فرمانروای سۆران, کە بۆئەوە دەبوو بەبێتە شای کوردستان هەر دێتەسەرکار, دەستوری سازکردنی کارخانەیەکی ئەسڵەحەسازی دەدا. لەماوەیەکی کەمدا تەواوی باشوری کوردستان تا بۆتان ئازاددەکا. ساڵی١٨٣٤ عوسمانیەکان شکست دەخۆن. ١٨٣٥ تەواوی رۆژئاوای کوردستان ئازاد دەبێ . فارسەکان ناچنە ژێر باری دانیشتنێک لەگەڵ میر محەمەد دژبە تورکەکان . ١٨٣٦ دیسانیش سوپای عوسمانی لە شەڕلەگەڵ میر محەمەد دا شکست دەخوا.

دوای رشوەدانی عوسمانییەکان بە مەزهەبییەکانی کورد و فتوای ئەوان, میر محەمەد بە ناچاری بۆ دانیشتن لەگەڵ تورکەکان دەچێتە ئیستامبوول . لەو ماوەیەدا تورکەکان تەواوی کوردستان بە ئاور دەکێشن ! ژنراڵێکی ئاڵمانی بە نێوی مۆلتکە Moltke کە وەکو بەرپرسی نیزامی لە لای عوسمانیەکان کاری دەکرد, لە دەفتەری بیرەوەرییەکەیدا نووسیویە کە: تائەورۆ شەڕی ئاوا وەحشیانە و ناجەوانمەردانەم نەدیوە کە بۆ هەڵسەنگاندن ببێ لەگەڵ ئەو شەڕەی کە من لە تورکەکان دژبە کوردەکان بینیم.

ساڵی ١٨٣٧- دوای زایین

بەرگری سینار . دوای تێکشکاندنی ئەو بەرگریە عوسمانیەکان دەست دەکەن بەهەوەڵین دیپورتکردن و گواستنەوەی گشتی !

ساڵی ١٨٣٩- دوای زایین

بەرگری گورزووم لە ئامێد.

ساڵی ١٨٤٣- ١٨٤٦ دوای زایین

بەدرخان فرمانروای بۆتان, ساڵی١٨٤٣ تەواوی کوردستانی ژێردەستی حکومەتی عوسمانی رزگار دەکا و هەموو حکومەتە بچووکە کوردیەکان دەهێنێتە ژێر حکومەتی خۆی. بەدرخان پێشنیاری پێویستی پێکهاتنی هێزێکی نیزامی گشتی دەکا و داوای وەلانانی هێزەنیزامیەکانی حکومەتە بچووکە کوردیەکان دەکا ! لە ژێر حکومەتی ئەودا مەسیحیەکان ئیجازەی تەبلیغی ئایینی خۆیان دەبێ و خەڵکانی دیکەش مافی یەکسان وەکو کوردەکانیان پێ دەدرێ . حەولی پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ دەدرێ!

عوسمانیەکان سەرەڕای تەواوی ئەوانە دەتوانن درز بخەنە نێو هێزی بەدرخانەوە و مەسیحیەکان دژبە کودرەکان هان بدەن. یەزدانشیر کە خوشکەزای بەدرخان دەبێ و زیاتر لە نیوەی فەرماندەنیزامیە کوردەکان لەژێر فەرمانی دادەبن، لە لایەن حکومەتی عوسمانیەوە دەکڕدرێن و دژبە بەدرخان رادەوەستن. بەدرخان ساڵی ١٨٤٦ تسلیم دەبێ و ساڵی ١٨٦٨ لە تەبعیدا دەمرێ ! دوای تێکشکانی بەرگری بەدرخان بەشە ئازادکراوەکانی دیکەی کوردستانیش لە لایەن تورکەکانەوە داگیردەکرێ.



ساڵی ١٨٤٣- دوای زایین

بەرگری هاکاری.

ساڵی ١٨٥٥ - ١٨٥٨ دوای زایین

شەڕی رووس و عوسمانی لە باکووری کوردستان برسییەتی و سووتان و کوشتار و بێ سەروسامانی زۆر بۆ کوردان بە دیاری دێنێ .

دووهەم بەرگری بۆتان. کوڕەکانی بەدرخان بۆتان و بادینان سەرلەنوێ ساز دەکەنەوە!

ساڵی ١٨٥٥- دوای زایین

یەزدانشیر شەڕی رووس و عوسمانی بەدەرفەت دەزانێ و دەست بە گرتنەوەی کوردستان دەکا . سەرەتای ساڵی ١٨٥٥ وان, ئامێد, سییرت, بیتلیس و موسل دەکەونە ژێر کونترۆڵی ئەو! ئینگلیزیە کان دەیکێشنە سەر میزی مزاکرە, کە دەخرێتە حەبسەوە و بەرگریەکەی سەری بەگۆم دادەچێ!

ساڵی ١٨٧٧- دوای زایین

بەرگری بەدرخان عوسمان و حوسین پاسالار لە مێردین و جەزیرە .

ساڵی ١٨٨٠- ١٨٨٢ دوای زایین

بەرگری شێخ عوبەیدوڵا کە بە بەرگری نەهری ش مەنشوورە, لە هاکاری ئاخرین و گەورەترین بەرگری بووە. شێخ سەرکردەی ئەو بەرگرییەی بەئەستۆ دەبێ کە دژبە ئێران و تورکیە تێکۆشاوە. لەو کاتەدا زۆربەی شەڕەکانی رووسیە و عوسمانی لە باکووری کوردستان رویداوە کە وێرانیەکی زۆری پێکهێناوە ! لە پێشدا عوسمانییەکان بەشێوەی ناراستەوخۆ بەهۆی ئینگلیزەکان لەباری تەقەمەنییەوە یارمەتی کوردەکانیان دەکرد بەڵام دوای کونفرانسێکی مەزنی کوردەکان لە باکووری کوردستان و ئازادکردنی رۆژهەڵاتی کوردستان, وەرەق هەڵگەرایەوە و دوای داوای یارمەتی فارسەکان دەوڵەتی عوسمانی هێرش دەباتە سەر عوبەیدیلا و بەوجۆرە عوسمانییەکان لەیەک کاتدا لە دوو بەرە شەڕ دەکەن! بە نێوانجیگەری ئینگلیزەکان, عوبەیدیلا بۆ دانیشتنێک دەکێشنە ئیستامبوول و لەوی بەدیل دەیگرن و بەرگریەکەی دوایی پێ دێ و لە دورە وڵات سەر دەنێتەوە!

عوبەیدوڵا توانی زیاتر لە ٢٢٠ دەستە و تایەفە و شیخ لەیەک ریزدا دژبە دوشمنانی کورد لە دەوری یەک کۆکاتەوە و هەستی ناسیولیستی لە نێو کورداندا بەهێزتر بکا !

مەسیحیەکان وەکوو ئەرمەنی و نەستۆریان بە هاوکاری لەگەڵ کوردان خەباتیان کردووە!

عوبەیدولا حەوڵی دەدا بۆئەوەی لاوان و گەنجەکانی کوردی بۆ ئورۆپا بنێردرێن تا بە عیلم فێربوون و چێشتنی تامی دیموکراسی بتوانن پشتوانەیەک بۆ داهاتووی کوردستان بن!

درێژەی هەیە...

سەرچاوە Serchawe



هەموو ڕۆژێ لەبەر سەیری بتی ئەو بەژن و باڵایە
لەسەر ڕێیدا ئەوەستم ، هەتا کوو ئاوی پێم دایە!
بە دوو چاوێ کە شەوقی چاوەڕوانی ئەی ترۆکێنێ
بە دوو چاوی کە سیرڕی قووڵی لاوێتی ئەدرکێنێ
سەرنجی ڕێ ئەدەم ،ڕێگا،هەموو شێوەی ئەوی تیایە
وەکوو دنیا لە ناو جوانی ئەوا تواییێتەوە... وایە
شنەی با،باسی جوانی ئەو بەگوێێ مندا ئەچرپێنێ
هەموو دەرکەوتنی شۆخی،دڵی من دا ئەخورپێنێ
بەڵام خورپەی تەواوی دڵ لە گەڵ هەنگاوی ئەو دایە
کە سەرتاپا لە ئاوازی بەهەشتی خواوە... پەیدایە
بەڵی! کاتی کە ئەو دەرکەوت ، ئیتر من بێ سەرو شوێنم
بەتێشکی خوری جوانی ئەو بەجاری قوڵپ ئەدا خوێنم
وەکوو چۆن نەونەمامی ،گەردەلول ئەیبات و ئەی هێنێ
لەشم موچڕکی دڵداری ، وەها ناخی ئەبزوێنێ!
ئەگەر چی وەک خەیاڵی من عەبا دەوری لەشی داوە
لەئەندام و لەشی و لاری بڵند و ڕێکی... ئاڵاوە
بەڵام کاتی کە با چمکی عەباکەی لائەدا،تاوێ
ئەرێژی پووزی نایابی، لە سیحری خوایی،لافاوی

شێعر: ئەحمەد هەردی

ر. نەقشی

گۆڤاری یەکبوون، گۆڤارێکی گشتی سەربەخۆیە، بۆخزمەت بە بواری ڕاگەیاندن و وشەی کوردی کار دەکا بۆ دەوڵەمەند و بە پیز کردنی رەخنە، پیشنیار و بابەتی بۆ رەوانە بکەن.

ئادرەسی پێوەندی: g.yekbun@hotmail.com

ئامادە کردن و پێشکەش کردنی : رەحمان نەقشی